# وتووێژی وەفا کیلانی لەگەڵ

## د. نەوال سەعداوی

وەرگێرانی: سیروان عەلی

"خۆڕووتکردنەوە و حیجاب دوو ڕووی یەک دراون
وەک یەک، ئەو ژنەی کە خۆی ڕووتدەکاتەوە، واتە
دەڵێت من بیر لە سێکس دەکەمەوە و ئەو ژنەیش
کە حیجاب دەکات واتا بیر لە سێکس دەکاتەوە"

# wtuwêjî Wefa Kîlanî legell

## D. Newal Se'dawî

wergêranî: Sîrwan 'Elî



" xorrûtkirdnewe û hîcab dû rûy yek Drawn
wek yek, ew Jney ke xoy rûtdekatewe, wate
dellêt min bîr le Sêkis dekemewe û ew Jneyş
ke hîcab dekat wata bîr le Sêkis dekatewe "

تەماشای ئەو دووفاقیە مۆراڵییە بکە، کە ژنان سزا دەدرێن و پیاوان بەرلا دەکرێن. ئەمانە گشت بێدارم دەکەن.

وەفا کیلانی: چی بێدارت دەکات و لە چی ژیانت پەشیمانی؟

نەوال سەعداوی: من پەشیمان نیم، لەبەرئەوەی پەشیمانی لاوازییە. من پێشدەکەوم و هەر ئیش دەکەم. من ئومیدم هەیە و ئومید هێزە.

وەفا کیلانی: دکتۆرە نەوال سەعداوی، ئەگەر لەگەڵت لە زۆر شتت نەیمەوە، هەروا هەرچەندە زۆرێك لەگەڵت هاوبۆچوون نین، بەلام بە دڵنیایەوە جێگەیەکی تایبەتی ئەدەبی گەورەت بۆ دادەنین، کە نووسەرێکی جێگەی مشتومریت و بە بیرۆکە ورژینەرەکانت وا ڕاتهێناوین، کە بەرد لە ئاوە مەنگەکان دەگرێت. من زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو کاتەی، کە ئەمرۆ بە ئێمەت بەخشی. هێوام دڵ زویر نەبێت، کە لێرە دەڕۆیت.

نەوال سەعداوی: نا. نەخێر، دڵزویر نیم.

وەفا کیلانی: سوپاس بۆ هەر کەسێك، کە لە بەرنامەی (بێسانوور-بێچاودێریی- بدون رقابە) لەگەڵمان بوو.......................................................................

سەرچاوەی :

http://www.youtube.com/watch?v=GmEtfi_yTjA



# وتووێژی وەفا کیلانی

لەگەڵ

# دکتۆرە نەوال سەعداوی

وەرگیراو لە
بەرنامەی < بدون رقابة >
ڕێکەوتی 11ی سێپتەمبەری 2009

وەرگێرانی بۆ کوردی

## سیروان عەلی

## بەرایی و ناساندن

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی پێشوودا ڕۆزا لوکسێمبورگ (**Rosa Luxemburg**) لە وڵاتی ئەڵمانیا، هەم نووسەر و هەم خەباتکاری شەقامەکان بووبێت و ئەگەر کلارا زێتکین (Clara Zetkin) پێشەوای بزووتنەوەی فێمینیستی ڕادیکاڵ بووبێت. ئەوا نەوال سەعداوی (نوال السعداوی) ڕابەری بە توانا و نووسەری بزوتنەوەی فیمنیستی و دژە سەرمایداریی ئەم سەردەمەیە. ڕۆزا لوکسێمبورگ زادەی هەلومەرجێکی بابەتی بەهێز بوو، ئەویش هێزی بەرەی چەپ و لاوێتی بزووتنەوەی ژنان بوو، بەدەر لەوەی کە چەندێن نووسەر و خەباتکاری وەك ڕۆزا لوکسێمبورگ لە ئاستی دونیادا لە مەیداندا بوون. بەڵآم سەردمێك، کە نەوال سەعداوی تێیدا دەنووسێت و خەبات دەکات، ئەوانەی وەك ئەو بەرچاو ڕۆشنن و لەسەر بیرباوەڕیان پەیگیرن، بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. هەروەها ئایدیاێك کە نەوال سەعداوی خاوەنیەتی، قسەگەرانی دونیای بۆگەنی سەرمایە، بووقی مەرگی لێدەدن، ئەوێش ڕوانگەی مارکسیزمە. هەروەها بزوتنەوەیەك کە ئەو بەردەوام دەرگیریەتی، دڕندەترین و خوێناوترین جولانەوەیە، ئەوێش جولانەوەی ئاینیی ئیسلامی سیاسییە، کە تا ئێستاکە بە چەندین شێواز هەوڵی دوورخستنەوە و لێسندنەوەی ناسنامەی هاولاتیوونیان داوە لە مصر، بێجگە لەوە کە ناوی لە لیستی ڕەشی تیرۆریستانەی ئیسلامییە توندڕەکانەوەدایە.. نەوال سەعداوی ئاوا پێناسەی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات، کە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی پیاوسالارە و ژنان تێیدا بازرگانی بە جەستە و ژیانیانەوە دەکرێت. بە بۆچوونی نەوال سەعداوی، ئەوەی خۆی ڕووت دەکاتەوە، هیچ جیاوازییەکی لەتەك ئەوانە نییە، کە



یاسایە، ژنەکە دادگەیی دەکات و سزای دەدات و پیاوان سەربەستانە بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆن. دەبێت ئەم دوو فاقیە قەدەغە بکەین.

وەفا کلانی : بۆ؟

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دووفاقیدا دەژین، کۆمەڵگەیەکی چینایەتی- پیاوسالاری- نێرینە. دەوڵمەند و خاوەندەسەلات و پیاو لە سزا ڕزگاریان دەبێت، ئێمە سزای مندالان دەدەین. ئەو مندالەی، کە دانپێدانراو نییە (نا شەرعییە) و باوکی مندالەکەی گیرۆدە کردووە و ئەو ئەتک (لاقە)ی ژنەکەی کردووە و ئەو مندالەی خستووەتە سکییەوە و ژنەکەش هێناویەتە ژیانەوە. بۆیە دەبێت باوکەکە سزا بدرێت، نەك مندالەکە. بەڵام ئێمە قوربانییەکە سزا دەدەین. ئەمەیە گرفتی من لەگەڵ سیستەمی باوکسالاری-چینایەتی، کە قوربانی سزا دەدرێت بەڵام تاوانباری ڕاستەقینە بەرڵا دەکرێت. من لە دژی دووفاقیم.

وەفا کیلانی: دکتۆرە، ئامانجت چییە؟

نەوال سەعداوی: ئامانجم کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرە و ئازادە. ئەوەی من بێدار دەکات، ستەم لە جیهاندا لە زیادبووندایە. تەماشاکە ولاتێکی وەك ئەمەریکا، دەچێت ملهۆڕی بۆ سەر وڵاتێکی وەك عیراق و ئەفگانستان دەکات و تەماشای ئیسرائیل بکە، چۆن هەموو ڕۆژێك فەلەستینییەکان سەردەبڕن. تەماشای ئەو قەسابخانانە بکە، کە لە ئاسیا و ئەفریکا ڕوو دەدەن. ئەمە جیهانە؟ ئەمە جەنگەڵستانە. خەڵك چۆن لەم جیهانەدا دڵشادن.

وەفا کیلانی: باشە، تۆ یەکێك لە بانگهێشگەرانی ڕزگاریخوازیت..

نەوال سەعداوی: بەڵێ، کام ڕزگاری؟ ژنانێك هەن، کە ڕزگاریخوازن، بەڵام گەندەڵن.

وەفا کیلانی: بەڵێ، خۆی جیاوازیەك لە نێوان ڕزگاریخوازی بێمۆرالی هەیە.

نەوال سەعداوی: نەخێر، هەندێك تینەگەیشتوون، من پێتدەڵێم لە میسر کچێك هەیە لەگەڵ پیاوانی بەرپرس هەڵدەستی و دادەنشێت و زۆر دەوڵەمەندن، ئەوەی خانووی بۆ دەکڕێت و ئەوەی سیارە و شتی دیکە و لە ڕووی ئابوورییەوە بە سەر گوێلاکی ئەو پیاوانە سەردەوکەوێت، بەمە دەوترێت ئازادی و ڕزگاریخوازی؟ نەخێر،.من لە دژی گەندەڵی مۆراڵیم. من لەگەڵ بە پرسیارەتیم و لەگەڵ ئازادی بەرپرسیاریم. لەبەرئەوەی ئازادی و بەرپرسیارێتی، دوو ڕووی یەك سکەن.

وەفا کیلانی: واتە ئەگەر بەم شێوە گریمانە بکەین، تۆ (نەوال سەعداوی) ئەگەر سەرۆکی وڵاتێکی عەربی بوویتایە، شتێکی نەکردەنی دەبوو، ئەگەر ڕێگە بەلەشفرۆشی بدەیت.

نەوال سەعداوی: نەخێر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەشفرۆشی قەدەخە دەکەم، بەس بە یاسا نا، بە چاکسازی مۆراڵی، بە چاکسازی یاسایی و دەبێت یاساکان دادپەرەوەر بن. دەبێت ئەو پیاوەی کە لەگەڵ ئەو ژنە لەشفرۆشە بەشداری دەکات، دادگەی بکرێت، هەروەك ئەو ژنەی، کە خەریکی لەشفرۆشییە، بەڵام ئەم



حیجاب دەپۆشن و پێچەوانەکەشی هەروایە. لەبەرئەوەی ئەوی خۆی ڕووت دەکاتەوە، دەیەوێت سەرنجی بازاری پیاوان ڕادەکێشی و خۆی وەك ئامێرێکی سیکس تەماشا دەکات و ئەویشی حیجاب دەپۆشێت، هەر بە هەمان شێوە بیر لە سیکس دەکاتەوە، چونکە ئەو کەسەش دیسانەوە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ تەنیا لە سێکسدا دەبینێتەوە و وەك خاوەنداریێتی پیاو خۆی دەبینێت و لەو بازارەدا نرخی خۆی وەك کاڵایەك بەرز دەکاتەوە، بە هەمان شیوەی ژنانی باری یەکەم، تەنیا خۆی بە کەرەستەی سەرگەرمی و تێرکردنی پیاوان دەبینێت.

بۆچوونی نەوال سەعداوی لەسەر نیشتمان ئەویە، نیشتمان ئەو شوێنەیە، کە تێیدا تاك ڕێزی لێدەگیردرێت و ژیانی خۆشە. نەوال سەعداوی، حەزی لە (تبەرج) نییە، واتە زۆر گرنگی بە ڕووخسار نادات و بەردەوام پێڵاوی بن تەخت لە پێ دەکات و حەز دەکات، ژنان ئاسایی و سرووشتی بن، نەك بابەتێك بۆ فرۆشتنەوە بەناوی پارەوە یان لە ڕووی ئابینیەوە بازرگانییان پێ بکرێت.

نەوال سەعداوی لە جیهاندا نووسەرێکی بەناوبانگە،ڕۆمانووس و پزیشکێکی سەرکەوتووی دەروونییە و تا ئستاکە زیاتر لە 40 پەرتووکی لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و ڕەگەز و سێکسەوە نووسیوون. ئەو بە زمانی عەربی دەنووسێت و لە وڵاتی مصر نیشتەجێیە. زۆربەی شاکارەکانی لە پێناو ڕزگاری بیری مرۆڤ، ژنان و مرۆڤایەتیدان، کاریگەری قوولی لەسەر نەوە لە دوای نەوە هەیە، بە تایبەت لەسەر گەنجەکانی پێنج دەهەی ڕابوردوو.

ئەو بە هۆی کارەکانییەوە تا ڕادەی مەترسی لە سەر ژیانی،

تووشی تەنگوچەڵەمەی زۆر بووە. بە هۆی بڵاوکردنەوەی پەرتـووکی (ژن و سێکس) کە لە سەرەتای شەستەکاندا لە قاهیرەی پایتەخت بەزمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە، لە ساڵی 1972دا کارەکەی لەدەست دا، کە لە شالیاریی تەندروستی مصری کاری دەکرد و دواتریش پەرتووکەکە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و ئایینییەوە قەدەخە کرا ، لەبەرئەوەی لە چەند بەشێکی ئەو پەرتووکە لە بارەی شتە تابووەکانەوە دوابوو، لەوانە خەتەنەی کچان و هەروەها پەیوەستکردنەوەی گرفتی سێکسی بە سەرکووتی سیاسی و ئابوورییەوە.

گۆڤاری تەندروستی، کە ئەو دەستپێشخەری ئەو بوو و بەخۆی دەیوەشاند، ساڵی 1973 لەلایەن دوڵەتەوە دەستی بەسەردا گیرا و بۆ ماوەی سێ سال داخرا. لە ساڵی 1981دا نەوال سەعداوی بەخۆی لەلایەن دەسەلاتی ئە (سادات)ەوە کرایە زیندانەوە، تا لەکۆتایی مانگی تشرینی ئەو ساڵەدا ئازاد کرا، هەڵبەتە دوو مانگ پاش کوژرانی سادات. پەرتووکی (یادەوەرییەکانم لە زیندانی ژناندا) لەسەر دەسڕی توالێت و بە قەڵەمی چاو، [ژنێکی گەنج، کە لە زیندانانی لەشفرۆشی بوو، بۆی دەهێنا] نووسی. لە ساڵی 1988-1993 ناوی لە لیستی لە سێدارەداندا دەرکەوت، کە لەلایەن ڕێکخراوە سیاسی و ئایینیە توندڕەوەکانەوە تۆمار دەکرا.

لە 15 جونی ساڵی 1991دا دەسەڵات بڕیارێکی لەمەڕ داخستنی (کۆمەڵەی هاوپشتی ژنانی عەرەب) کە نەوال سەعداوی سەرۆکی بوو، دەرکرد و دارایی و پارە و پوولەکانی ڕادەستی کۆمەڵەیەکی دیکە بەناوی (ژنان لە ئیسلامدا) کرا. هەروەها پێش ئەو بڕیارە دەسەڵات گۆڤاری (نون)ی داخست، کە لەلایەن (کۆمەڵەی هاوپشتی



وەفا کیلانی: بەڵێ، ئا. زۆربەی بیرکردنەوەی عەرەب لە بارەی سێکسەوەیە.

نەوال سەعداوی: من بەم جۆرە سووکایەتی بە عەرەب ناکەم. من دەڵێم لەیەك جیهاندا دەژین، جیهانێکی چینایەتی سەرمایەداری- باوکسالاری- نێرینە لە بازاڕی ئازادا بازرگانی بە سێکسی ژنان و منداڵان دەکات.

وەفا کیلانی: تۆش بە هەمان شێوە. تۆش زۆر لە ڕۆمانەکانت سێکس ڕۆڵی سەرەکییان تێیدا دەبینیت.

نەوال سەعداوی: نەخێر، هەرگیز ڕاست نییە، ڕۆمانەکانم بێنە.
وەفا کیلانی: چۆن جاری ژن و سێکس جاری..

نەوال سەعداوی: تۆ دەڵێت ئایین و ڕامیاری زۆربەی بابەتەکانی تۆ لە خۆ دەگرێت.

وەفا کیلانی: بەڵێ، زۆربەی ڕۆمانەکانت نێوان ڕامیاری و ئایین و سێکسە.

نەوال سەعداوی:بەڵێ، ئەوە ژیانمانە.

وەفا کیلانی: بەڵێ، تۆش لە ڕۆمانەکانتدا سێکست بەدەر نەکرد.

نەوال سەعداوی: باشە، ژیانمان چییە پارە و ئابووری و سێکس و ئایین و ڕامیارییە، مەگەر ئەمە ژیانی خەڵك نییە؟ کاتێك ڕۆمانێك دەنووسیت لەگەڵ ژیاندا تەریب بێت، سروشتییە.

یاسای ستمکارەکانە، بۆیە خەڵك دەبێت دژایەتیان بکات، لەبەرئەوەی خەڵك لە سەر شتی کۆن ڕاهاتووە و شتی تازەی ناوێت، تازە ترسناکە، بۆیە پێش ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێننەوە، دەبێت هێرش بکەنە سەری، سروشتییە.

وەفا کیلانی: کێ دەدۆزیتەوە، کە لە بارەی تۆوە بە باشی نووسیبێتی؟

نەوال سەعداوی: زۆرن ئەوانەی باش دەنووسن و کەمیش نین ئەوانەی خراپ دەنووسن، بەڵام لەوانەیە لەسەر وڵاتان وەستابێت، واتە لەو وڵاتانەی دی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتن ، واتە ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی میسری یان دەسەڵاتە عەرببیەکان ناژین، ئەگەر ئازا و چاونەترسیش نە بن، باش دەنووسن یان بابەتییانە دەنووسن و ڕۆمانەکە شیدەکەنەوە و بە شێوەیەکی بابەتی و ئەدەبی، ڕەخنە دەگرن. ڕەخنەی ئەدەبی. بەڵام لە لای خۆمان دەنووسن و دەڵێن ئەم ڕۆمانە دژی ئیسلامە، دژی بیر و باوەڕ وەك ئەوەی لێژنەیەکی ئەزهەری بن، دەبێت هەڵسەنگاندنی ئەدەبی هەڵسنگاندنی ئەزهەری نەبێت یان ئایینی، ئەدەب کیرڤی تری هەیە.

وەفا کیلانی: من لە بەشێکی ناو ڕۆمانەکانت دەگەڕێم، کە تۆ لە پەرتووکەکانتدا دەڵێیت، هەموو نەتەوەی عەرەبی، هەموو بیریان لای سێکسە، واتە خەیاڵیان لای سێکسە.

نەوال سەعداوی: من وام وتووە؟



ژنانی عەربی)یەوە دەردەکرا و نەوال سەعداوی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو.

لە هاوێنی 2001دا لە (پێشانگەی پەرتووکی نێودەوڵەتی قاهیرە) دا سێ پەرتووکی قەدەخە کران و لە ساڵی 2002دا لەلایەن پارێزەرێکی سەلەفییەوە، کە دەعوای دادگەیی لەسەر تۆمار کردبوو، بە لادەر تاوانبار کرا ، بۆ ئەوەی بە زۆر لە مێردەکەی (دکتۆر شریف شحاتە) جیای بکەنەوە. بەڵام بە هۆی هاوپشتی نێودەوڵەتی و مصری و عەرەبییەوە بۆی، سکاڵاکەی پوچەڵ کردەوە. لە 28 جێنیوەری 2007دا، خۆی و کچەکەی (منی حلمی)، کە شاعرە و نووسەرە، بە لادەر تۆمەتبار کران و لەلایەن دواکاری گشتییەوە لە قاهیرە لێپرسینەوەیان لەتەکدا کرا، بە هۆی ئەوەی کە لە پەرتووکەکانیاندا دەیانویست ناوێ دایك پیرۆز بکەن. لە ساڵی 2008دا سکاڵاکەی پوچەڵ کردەوە. بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی هەردووکیانەوە لە ساڵی 2008دا، یاسایەکی نوێ بۆ منداڵان لە مصر پەسەند کرا. بەوەش ئەو منالانەی کە لە دەرەوەی ژیانی ژن و مێردایەتی دانپێدانراو لەدایك دەبوون، بە ناوی دایکیانەوە دەنرێن. هەروەها لە هەمان یاسادا خەتەنەی کچان قەدەخە کرا. لەم پەیوەندەدا نەوال سەعداوی نووسەر و دکتۆر، زیاتر لە 50 ساڵ شەری لەتەك پارێزەرانی خەتەنەی کچان کرد.

شانۆگەری (خوا لە کۆبوونەوەی لووتکەدا وازنامە پێشکەش دەکات)، کە نەوال سەعداوی نوسیبووی، تا مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2006 قەدەخە کرابوو. دواتر لە ساڵی 2007دا لە دادگەی (قاهیرە)دا ڕووبەڕووی سکاڵایەکی دیکە بووەوە، کە لەلایەن (جامعەی ئەزهەر)ەوە لە مانگی فبرایر 2007 لە سەر ئەو

شـانۆگەریە لەسـەری تۆمـار کـرا بـوو و لـەوێـدا بـە لادەر و بێـبڕوا تـاوانبـار کرابوو. هەروا ئەو لـە مانگی مای 2008 دا ئـەو سکاڵایـەشـی پۆچەڵ کردەوە.

نەوال سـەعداوی، لە ئاسـتی نێـونەتەوەیی و ناوخۆییـدا چەنـدین خەڵاتـی وەرگرتـووە، هەروەهـا لـە چەنـدین زانکـۆ لەکچەری (محاضرة) پێشـکەش کـردووە و لـە چەنـدین کۆنگرەی نێودەوڵـەتی و نیشـتمانیدا بـەشـداری کـردووە. لـە ڕۆژی 3ی مـای 2009دا، لە فسـتڤاڵی یـانـەی قەڵـەمـی نێونـەتـەوییـدا لـە نیویـۆرك، لەکچەری ئارسور میلـەر (Arthur Miller)ی پێشکەش کرد، هەروەها کارەکانی لـە سەرتاسەری دنیا بۆ زیـاتر لـە سـی (30) زمـان وەرگێـردراون و لـە هەندێك زانکۆکانـی وڵاتـاندا دەخوێندرێن.

نەوتراو نـەمێنیتـەوە، نـەوال سـەعداوی تـەنیا بـە پێنـووس و بـانگـەواز خەباتی نـەکردووە، بـەڵکو وەك دکتۆرێکی دەروونناس و بـواری ژنـان و نووسـەرێکی سـەرنجدەر و کـۆلنـەدەر لـە زینـدانـەکانـی ژنـان، لـە نەخۆشخانـە دەروونییەکاندا ئامادەیی مەیدانی هەبووە و تـەنانـەت لـە تـەمـەنـی (80 ) ساڵیشـدا هێشـتا شـەیدایی بـۆ خـەبـات و بـەرەنگـاربوونـەوە کـز نـەبـووە و ورەی ئازادیخـوازانـە و یـەکسانیخوازانـە و دادپەریوەخوازانـەی بۆ ئامـانجـەکـەی بـەرنـەداوە و لـە راپـەڕینـە جـەمـاوەرییە سـەربـەخۆکـەی وڵاتـی میسـردا چـەنـدین جار تا نیوەشەو لـە مـەیدانـی ئازادی (ساحة التحریر)دا مـاوەتـەوە و خـۆی لـە کـۆڕێکی ڕۆژنـامـەوانـەی (یـانـەی بێرتۆڵـد برێخـت)دا لـە ئـەمـەریکـا دەگێـڕیتـەوە، کـە "لاوە شۆڕشـگێڕەکان بـە سـواری ماتۆڕەکانیـان منیـان دەبـردەوە مـاڵـەوە، ئـەم کـەشـە شۆڕشگێڕانـەیـە وای لێ کردبووم، کـە وەك ئـەوان خۆم بـە لاوێکـی خـوێنگـەرم ببینم و



دەتوانێت شایستەی ناوی ڕەخنەگر بێت؟

نەوال سەعداوی: زۆرن.. زۆرن.

وەفا کیلانـی: (نـەوال سـەعداوی)، بـەس تـەنیـا بـەهێنـانـی ئـەم نـاوە پێـش ئـەوە بڵێـن چـی پـەرتـووکێکی نـوێی دابـەزانـدووە یـان پێـش ئـەوەی خـەڵـك بێخـوێنێتـەوە، دەبێـت بسـتێونرێت و دەبێـت هێـرش بکرێتـە سـەری و دەبێـت چوبێتـە سـەر پیرۆزییـەکان و بـوونـی خـودا و قسـەت لـە بـارەی سێکسـەوە کردووە.. بۆ چی؟

نـەوال سـەعداوی: وەکـو پێـم وتیـت، پـەیامبـەرکـان دەکـوژران، بـاشـە دەهێڵن بژێم.

وەفا کیلانـی: بـەس ئـەوانـە پـەیامبـەر بوون، تۆ (نـەوال سعداوی)ت.

نـەوال سـەعداوی: نـا، هـەر پێشـڕەوێك یـان بیریـارێـك، کـە شـتێکی تـازەی پێیە و خـەڵکـی پێـی قایـل نـابن وەك پـەیـامبـەری لێـدێت، پێخـەمبـەر بـۆ خـەڵـك شـار بـەدەری دەکـەن، لـەبـەرئـەوەی بیـرۆکـەی تازەی پێیـە و هـەموو پـەیامبـەرەکان شاربـەدەر کـران، لـەبـەرئـەوەی بیرۆکـەی نوێیـان پێیـە، کـە ئاڵـوگـۆڕ لـە کـۆمـەڵگـەی کـۆنـی ستمکاردا دەکـەن.

وەفـا کیلانـی: بـەس وریـابـە، ئێسـتاکـە ڕۆشـنبیران پێـت دەڵێـن لـە ئاستـی پێخـەمبـەران خـۆی دادەنێت.

نـەوال سـەعداوی: نـەخێـر، بـە چاوپۆشـین لـە نـاوەکـان، ڕۆشـبیران و خاوەنهزرەکان و پێشـەواکان پێشبینـی شتـی نوێ دەکـەن، کـە لـەدژی

دژی کۆپی کردنیت؟

نەوال سەعداوی: نە بە پێچەوانەوە ئەمە بەسـوودە، ئەوە دۆزینەوەی زانستییە، تا ئەو جێگەی ئامانجی زانستی بە سوودی هەیە..

وەفا کیلانی: تەنانەت کۆپیکردنی مرۆڤیش؟

نەوال سەعداوی: نازانم، لەوانەیە لە بەرژەوندیمان بێت، لە دوا ڕۆژماندا ئەمە زانستە.

وەفا کیلانی: لەگەڵ کۆپیکردنیت؟

نەوال سەعداوی: نەخێر، هەم پێم مەڵێ لە دژی یان لەگەڵی. ئێمە مەبەستمان زانیارییە،نەك بە قسە دەمانەوێت ڕێگا ڕۆشن کەینەوە.

وەفا کیلانی: هەرچەندە زیاتر لە پرسیارێکت ڕەتکردەوە و پێتوابوو، کە هەندێ بابەت هەن، سپی و ڕەش یا لەگەڵ و لە دژ کەڵکیان نییە و بۆی هەیە هەندێك ڕەنگی دیکە لەوانەیە بێنە ناوەوە ، من ڕێزم بۆ خواستەکەت هەبوو. بەڵام ژمارەی دژایەتیکردنەکانت بە یەك دانە لە لەگەڵبوونەکانت زیاترن و بەردەوام من دەڵێم، لەلای هەموو خەڵکی دژ هەر دژ و سپی هەر سپی نییە.

................................

وەفا کیلانی: ڕەخنەگرانێکی زۆر هەن، یەکەم شت بە ڕای تۆ کێ



حەز بکەم لە کۆری خەباتیاندا بمێنمەوە".
بەم جۆرە دەبینین، د. نەوال سەعداوی بۆ ئامانجەکەی تەنیا پاگەندەگەری سەر ڕۆژنامە و کەناڵەکان نەبوو، بەڵکو زۆر جار تا لێاری مەرگ ملی ناوە. منیش وەك ڕێزگرتنێك لەم خەباتکارییە و گەیاندنی پەیامە ئازادیخوازییەکەی و ئامانجە یەکسانیخوازییەکەی، ئەم چاوپێکەوتنەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هیوادارم توانیبێتم، وەك خۆی پەیامەکەی بە ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کوردستان بگەیێنم.
پێشکەش بە سەربازانی گومناوی ڕێی یەکسانیخوازی و هەروەها ئەوانەی کە هەردەم یادی قوربانیانی ناموسپەرستی لە دەروونی خۆیان و کۆڕوکۆمەڵەکانیاندا زیندوو رادەگرن و خەبات بۆ بەدیهاتنی دواییین خۆزگەکانی دەم سەرەمەرگی ژنانی سوتێنراو، خنکێنراو، نوقمکراو و بە گولە و چەقۆ کوژاو زیندوو رادەگرن

دوا وشە، بە سوپاسگوزاری هاوڕێانی ئازیزم، ئاکۆ بۆ ئەرکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە ، هەروەها هاوڕێی ئازیزم چنار، کە ئەرکی لە چاپدانی لە ئەستۆ خۆی گرت، کۆتایی بەم پێشەکییە دەهێنم، تاوەکو پێکەوە گەشتەکەمان بە جیهانی بیرکردنەوەی (د. نەوال سەعداوی)دا دەستپێبکەین.

**وەرگێڕ: سیروان عەلی**

## وتووێژی وەفاکیلانی لەگەڵ د.نەوال سەعداوی

وەفا کیلانی (وەفاء الکیلانی): نەوال زینەب سەید سەعداوی (نوال زینب سید السعداوی)، پیشە: پزیشك، نووسەر و بەریگریکارێکی پەیگیری مافەکانی ژنانە، لە نووسراوە زۆر بەناوبانگەکانی (الروایە، کەوتنی ئیمام، ژنێك لە خاڵی سفر، یاداوەرییەکانم لە زیندانی ژنان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، ساتێك ڕاستگۆی، ڕێز و کەم ڕێزی -ادب قلە ادب ، ژن و سێکس، دووانەی سێکس و دەسەڵات ، شکاندنی سنوورەکان) زۆر و زۆرێکی دیکە، کە من لێرەدا ناتوانم ناوی هەموویان بهێنم. تاوانەکانی نەوال.. تێکشکاندنی باوەکان زیدەڕەوی و دەرچوون لە بیروباوەڕ ، بار: زیندانکراوێکی کۆن و دەستبەسەراگرتنی کتیبەکانی، بە کوفر و لادان بەناوبانگە و هەندێك کەسیش داوای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی (مسری)یان لە سەری تۆمار کردووە. هەروەها بۆ جیاکردنەوەی لە مێردەکەی لە دادگە داوای (الحسبە)ی لە سەرتۆمار کراوە و ناوی لە ڕیزی پێشەوەی لیستی تیرۆرکردندایە...

وەفا کیلانی: دکتۆرە نەوال سەعداوی ئێوارەت باش.

نەوال سەعداوی: ئێوارەت باش.

وەفا کیلانی: بەوە بەناوبانگیت، کە ناوی دووەمی منداڵ (بنەچە ، النسب) بەناوی دایك و باوکەوە لەتەك یەکدا بنووسیت. بەڕێزت واژۆی شاکارەکانت بە ناوی نەوال زینب السید



نێوان پیاو پیاو و ژن و ژنیت؟
نەوال سەعداوی: کەس بۆی نییە تێکەڵ بە ئازادی تاکێکی دیکە ببێت، ئەمە ئازادی تاکە وەکو ئایین.

وەفا کیلانی: کەواتە لەگەڵیت؟

نەوال سەعداوی: نەخێر، بۆ نموونە کەسێك وەربگرین، کە لە سێکسدا ڕێگەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئێوە پێی دەڵێن لادان یان لادەر، تۆ لێرەدا دیاری دەکەیت. کەس نابێتە ناو ژیانی تایبەت بە خۆت. ئەمە ژیانی تایبەت بە خۆتە دەستوور دەیپارێزێت.
وەفا کیلانی: بەڵام دەستوور هاوسەرگیرییان ڕەتدەکاتەوە ...

نەوال سەعداوی: لە کوێ؟

وەفا کیلانی: لە وڵاتە عەرببییەکان.

نەوال سەعداوی: لە کام بەندیدا وا دەڵێت؟

وەفا کیلانی: نا، ئەمە شتێکی زانراوە، لەبەرئەوەی دەستوور پشتی بە شەرع بەستووە.

نەوال سەعداوی: نە، من بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکەم ..

نەوال سەعداوی: نا، من لە دژی ڕەش و سپیم، لەبەرئەوەی خەڵك لە زانیاری دوور دەخاتەوە..

وەفا کیلانی: باشە واز لەم پرسیارەش بێنە. تۆ لەگەڵ یان لە

نەوال سەعداوی: نە, بەم جۆرەش نا، نە بەم شێوەیە و نە بەو شێوەیە.

وەفا کیلانی: تۆ لەگەڵ یان لە دژی پەردەی کچێنی (دەستکرد)یت؟

نەوال سەعداوی: بێگومان لە دژی پینەکردنی هەموو پەردەیەکم و هەروەها پەردە نیشانەی ڕێز (شەرەف) نییە.

وەفا کیلانی: تۆ لەگەڵ یان لە دژی مژدەدان (تبشیر)ی ئایینیت؟

نەوال سەعداوی: نازانم مژدەدان واتای چییە، من لەگەڵ ئازادی قسە و ئازادی ڕادەربڕینم، هەروا هەر کەسێك دەیەوێت ڕۆهێنان بکات، با بیکات، بەڵام من لەگەڵی نیم..

وەفا کیلانی: باشە، ئازدای ڕادەربڕین و ئازادی قسە.. باشە ئەو ڕۆهێنانی ئایینی دەکات.

نەوال سەعداوی: ئازادی لە هەموو شتێ، هەر چییەك ئەگەر ڕامیاری بێت..

وەفا کیلانی: کەواتە، تا ئەو جێگەی لەگەڵ ئەو هەموو ئازادییەیت هیچ گرفتتت لەگەڵ (تبشیر) نییە.

نەوال سەعداوی: نەخێر وانییە، ڕەش و سپی نا.

وەفا کیلانی: پرسیارێکی دیکە. لەگەڵ یان لە دژی هاوسەرگیری



دەکەی، بەڵام کاتێك پرسیاری ناوت لێدەکەن، دەڵێیت "نوال السعداوی" یان "نوال زینب السید"؟

نەوال سەعداوی: هەندێك جار دەڵێم "نەوال زینب السید"، هەندێك کاتیش دەڵێم "نوال زینب السید السعداوی" یان "نوال السعداوی" ئەوە لە سەر هەلومەرجەکە وەستاوە.

وەفا کیلانی: لە چ کاتیکدا هەست دەکەی پێویستە ناوی دایکت بهێنیت و لە چ کاتێکدا هەست دەکەی دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو و لەو کاتەدا ناوی دەهێنیت؟

نەوال سەعداوی: کاتێك هەست بکەم کە خەڵك ڕێز بۆ دایك دانانێن و لەو کۆمەڵگەیانەی کە دایك ڕێزی نییە، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تەنیا لە ڕادیۆدا گۆرانی بۆ ژن دەڵێن، بەڵام لەڕاستیدا دایکان لە لای ئەوان ڕێزیان نییە. لەو کاتەدا وەك جۆرێك لە پەرچەکردار و بەرپەرچدانەوە، دەڵێم من هەڵگری ناوی دایکمم.

وەفا کیلانی: کام کۆمەڵگە ڕێز بۆ دایك دانانێت؟

نەوال سەعداوی: بۆ زانیاریت، زۆر کۆمەڵگە هەن.

وەفا کیلانی: کامە؟

نەوال سەعداوی: لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا نامەوێت بڵێم بەس لە کۆمەڵگەعەربییەکان. من گەشتم بۆ زۆرێك لە وڵاتانی جیهان کردووە، چین(صین)، یابان ڕێز بۆ ناوی دایك دانانێن، تەنانەت لە

ئەمەریکا ناوی باوك باوە، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالار و چینایەتیدا دەژین، کە ناوی باوك سایەی هەیە.

وەفا کیلانی: تۆ داوای شتێك دەکەی، بۆ ئەوەی بێتەدی، کە نە ڕوویداوە و نە ڕوودەدات و قەتیش ڕووی نەداوە. تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە زۆرتر کراوەن. ئیتر چۆن داوای دەکەی لە کۆمەڵگەکانی ئێمەی خۆرهەڵاتی و عەرەبی با بڵێم هەندێ کات داخراویش؟

نەوال سەعداوی: من جیهان دابەش ناکەم بە خۆرئاوا و خۆرهەڵات، هەندێك کەس هەن، ئاوا خەیاڵ دەکەن، کەخۆراوا بە ڕادەیەکی زۆر لە ئێمە لە پێشترن و ئێمەی خۆرهەڵاتی دواکەوتووین. نا هەرگیز. هەر لەم دوایانەدا ژنانی ئەمەریکا نەیاندەتوانی هەژمار (حساب)ی بانکیان هەبێت ، لە میسر کولتوورێکمان هەیە، بۆنموونە من ناوم" نەوال سەعداوی"یە و هەڵگری ناوی باوکمم، بەڵام من ناوی مێردەکەم هەڵناگرم و کاتێك من منداڵم بوو، نەیانزانی ناویان نا "عاتف السعداوي"، لە ئەوان وایە، کە "سعداوی" مێردەکەمە. کەواتە ئەو کۆمەڵگانەی کە ژنان هەڵگری ناوی باوکیانن زۆر لەپێشترن، وەکو وڵاتی خۆمان لەچاو ئەمەریکا و ئەوروپا کە هەڵگری ناوی مێردن.

وەفا کیلانی: باشە کەواتە ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ کۆمەڵگە عەرەبییەکانمان. دکتۆرە تۆ بەدڵنیاییەوە لەگەڵ منی، کە خەڵك دەگۆڕێن و نەنگیش نییە، کە بڕوامان بە هەندێك پرنسیپ یان هەندێك بیرکردنەوەی تایبەت هەبێت و دواتر جۆرێك لە پێداچوونەوە بکەین، هەندێك شت ڕوو دەدەن، کە خۆمان



نەوال سەعداوی: ئەو پەیوەندییە بەڕێزە، لە سەر پەڕاوە بێت یان بەبێ ئەوە، لەبەرئەوەی پیاو ڕێز بۆ قسەکەی دادەنێت. مرۆڤ وشەیەکە..

وەفا کیلانی: کەواتە، ئەگەر پەیوەندی ڕاستگۆیانە هەبوو، ئەوا لەگەڵ سێکسی پێش هاوسەرگیری.

نەوال سەعداوی: نا, بەم واتایە نا. من لەگەڵ ناوەڕۆکی شەرەفم, نە واژۆی سەر پەڕەوایەك. خەڵك بە پارە گرێبەست دەکات..

وەفا کیلانی: باشە سپی یان ڕەش؟

نەوال سەعداوی: نە سپی و نە ڕەش. لێرەدا سپی و ڕەش بە کەڵك نایێت، پێویست دەکات، من شی بکەمەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت خەڵك تێبگات.

وەفا کیلانی: باشە، ئاخر من تێنەگەیشتم

نەوال سەعداوی: تێنەگەیشتی؟

وەفا کیلانی: نەخێر لەبەرئەوەی تۆ دەڵێیت، ئەگەر ڕاستگۆیی هەبێت، هەروا ئەو پەڕاوە ڕاستگۆیی دیاری ناکات.

نەوال سەعداوی: ئەو پەڕاوە لەبەرخاتری خەڵکە.

وەفا کیلانی: کەواتە, تۆ لە دژی سێکس پێش هاوسەرگیری؟

وەفاکیلانی :            ( لە دژ و لەگەڵ)

..............................................................................

وەفــا کیلانــی: دکتــۆرە نەوال سەعداوی، تــۆ لەگەڵ یــان لە دژی سێکسکردنی پێش هاوسەرگیری.

نەوال سەعداوی: سـەرەتا سـەبارەت بە لەگەڵ یـان لە دژ بڵێـم، مـن لە دژی سپی و ڕەشم، لەبەرئەوەی هزر یـان سپی یـان ڕەش نییە..

وەفا کیلانی: بۆ هزر چییە، ڕەنگی تری هەیە.

نەوال سەعداوی: بێگومان، لە هزری قوڵدا وەکو پرسی سێکس پێش هاوسەرگیری،.واتای چی دەگەێنێت، سێکس پێش هاوسـەرگیری، واتای چی دەگەێنێت.

وەفا کیلانی: واتە ئەوەی کە پەیوەندی هەبێت.

نەوال سەعداوی: مـن دەمەوێـت بچمە نـاو نـاوەڕۆکی شـەرفی پەیوەندی، ڕێزی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، ڕاستگۆییە نەك گرێبەست. دەبێت هاوپەیمانییەك لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە هەبێت. بەڵام ڕاستگۆی ڕێزی پەیوەندییە، خۆشەویستییە نەك گرێبەستێك پێش هاوسەرگیری..

وەفا کیلانی: ئەگەر پێش هاوسەر گیری، خۆشەویستی و ڕاستگۆی هەبێت، تۆ لەگەڵ پەیوندیت؟



دەبینینەوە، دواتر پاشگەزبوونەوەی خۆمان لەو ئایدیایانەی، کە پێوەیان پەیوەست بووین، ڕادەگەیێنین. کۆمەڵێك پرسیار و بابەتم هەیە با بڵێم تاریکن، پێمخۆشە بۆم ڕ ۆشن بکەیتەوە، کە دەکرێت من بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هەڵە لێیان تێگەیشتبێتم. پێش ئەوەی لە بارەیانەوە بدوێم، بە چەند خاڵێك ناونیشانیان بۆ دادەنێم، کە دەمەوێت تۆ ئەم خاڵانەم یان بۆ ڕەتکەیتەوە یان تۆختریان بکەیتەوە. ڕێگەم بدە ناوی لێبنێم خاڵی دەستپێکردن. (من نەوال سەعداوی، پاشگەز دەبمەوە یان هێشتا پێدادەگرم لەسەر ئەوەی من لە شیخ محمد الشعراوی، لەمەڕ ناوەڕۆکی ئیسلام، زاناترم).

نەوال سەعداوی: من شتی وام نەوتووە، پێش هەموو شتێك ئەمە شێوازی من نییە، من کاتێك ڕەخنە لەیەکێك دەگرم، ئەوە شێوازی من نییە. من ئەو خۆزاڵکردنەم نییە، من خۆسەپێن نیم.

وەفا کیلانی: بەڵام زیاتر لە وتووێژێك بەم جۆرەت قسەت کردووە.

نەوال سەعداوی: نەخێر.

وەفا کیلانی : چۆن نەخێر

نەوال سەعداوی: هەموویان درۆزنن، ئەو وتووێژانەی ڕۆژنامەکان هەموویان، بە ڕاشکاوی پێت بڵێم.

وەفا کیلانی : ئەی کەناڵی جەزیرە (الجزیرة)

نەوال سەعداوی: بۆنە، بۆنەی ئەو وتنە، وەکو هەموو

پەرتووكێكی، وەك هەموو ئایەتێ بۆنەی هەیە، لە چ كاتێكدا ئەمەم وتوە.

وەفا كیلانی : كەواتە زمان حاڵت ناڵێت تۆ لە (شیخ محمد المتولی الشعراوی) لە بارەی ناوەڕۆكی ئیسلامەوە، زاناتری؟

نەوال سەعداوی: زاناتر و باشتر، ئەم وشانە من حەزیان لێناكەم.

وەفا كیلانی : باشە چۆن دایاندەڕێژیت.

نوال سەعداوی : دەمەوێت بلێم..

وەفا كیلانی : ڕاستییەكەیەم بۆ داڕێژە.

نەوال سەعداوی: ئەوەی ئایین دەخوێنێتەوە، بە شێوەیەكی فراوان دەكرێت لە (شیخ الازهر) زاناتر بێت، لەوانەیە لە (شیخ الشعراوی) زانا تربێت، لەوانەیە یەكێك كە بخوێنێت.. بخوێنێت ها.. گرنگ ئەوەیە دەخوێنێتەوە، نەك ئەوەی ناوبانگی شێخە. شیخ شعراوی بە شێخیەتی بەناوبانگە. بەڵام خەڵك چەندیین ساڵە ئایین دەخوێنێنەوە و خوێندنەوەیەكی قووڵ لەوانەیە زاناتر بن.

وەفا كیلانی : دواتر دێمەوە سەر ئەو خاڵە. ڕاستییەك هەیە، كە ناچێتە ژێر خانەی مشتومڕ، كە بە پێنج بەندە بنەچەییەكەی ئیسلامەوە پەیوەستە.



دەگوزەرێنێت و پێموایە بێجگە لە دەنگدانەوەی هەندێك كەسی نەخۆش، هیچ بەدەستناهێنێت.هەرواه پێموابێت لە باڕێكی ناكۆك دایە، لەوەی ڕەخنە لە ئیسلام دەگرێت و سەر بە ڕەگ وڕیشەی ماركسییە. ناكۆكییەكان لەناو ژیانیدا زۆرن، ئەو لەخوێندنەوەیدا بۆ ئایینەكان، بەس ڕواڵەتیانی وەرگرتووە. لە پەرتووكە لاوازەكان و لە (حەدیسە) ئیسرائیلیێكانیش شتی وەریگرتووە، كە گشتی كردووەتەوە، بەوەی ئەمانە ئایینی ئیسلامن. گرفتەكەی ئەو ئەوەیە، كاتێك منداڵ بووە، كەس نەبووە لە باوەشی بگرێت. هەروا پێی دەڵێم، جیاوازیەكی زۆر لە نێوان نەریت و ڕاستی ئایینی ئسلامدا هەیە."

.................................

وەفا كیلانی: نووسەری بەرێز (علی) جێگیری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئەهرام )..

نەوال سەعداوی: نایناسم، بەڵام ئاساییە تا ئەو جێگەی ئەو لە دەسەڵاتدا پلەوپایەی هەبێت، دەبێت هەر ئاوا قسە بكات.

وەفا كیلانی: تۆ لە بارایەوە، چی دەڵێیت ؟

نەوال سەعداوی: ئەگەر قسەكەر شێت بێت، وەڵامی نادرێتەوە. بەڵام گوێگر ژیرە، خەڵك (نەوال سەعداوی) دەناسێت، بەڵام ئەو نازانێت، ئەو پلەوپایەكەی بۆ بێنرخكردنی نووسەرێك، كە جەماوەرێكی زۆر لەو زیاتری هەیە، بەكاردەهێنێت.

نەوال سەعداوی: واتای چییە، کاتێك دەڵێیت ناچێتە ژێرخانەی مشتومڕەوە. واتە بێدەنگ بین ئیتر.

وەفا کیلانی: بناخەی ئایینی قورسە و خەڵك مشتومڕی لەسەر ناکات، کەس قسەی لەسەر ناکات، بەڵام نەوال سەعداوی قسەی لەسەر کرد.

نەوال سەعداوی: خەڵکی دیکەش قسەیان لەسەر کردووە.

وەفا کیلانی: بەڵێ دەرکەوتەترین کەسانێك و بەرزترین دەنگیان نەوال سەعداوی بوو، تۆ پێت وتم، کە نەتوتووە بە تەواوەتی لە (شیخ محمد الشعراوی) لەسەر ناوەڕۆکی ئیسلام زاناتری و لە هەمان کاتدا گوێم لە قسەیەکی دیکەت بوو، وتەیەك کە پێشتریش گوێم لێ بووە، کە قوتابخانە ئایینییەکانت خوێندوون و لە نێوان تۆرات و ئینجیل و قورئان، بەراوردت کردووە، ئەو ئەمەی نەکردووە. هەروەها لەو خاڵەشدا نەوەستاویتەوە و دەڵێیت کە شێخ شەعراوی لە ڕاڤەکردنی واتای زارەکی قورئان واوەتر نەچووە. نووسینەکانی شایەتی بۆ دەدەن، کە نە چووەتەوە سەر ئەو دیوی ڕاڤەی واتای زاراکی.

نەوال سەعداوی: بەڵێ ئەو گرنگی بە ڕاڤەی زارەکی دەدا، بایەخی بە "واژە" و بە "پیت" دەدات. بەڵام بەپێچەوانەوە، من بایەخ بە ناوەڕۆکی ئیسلام دەدەم.

وەفا کیلانی: بەڵام ئەویش ڕاڤەی واژە و واتای دەکرد و ڕاڤەی ناوەڕۆکیشی دەکرد.



وەفا کیلانی: هەموومان لە دژی ئەوەین. دکتۆرە نەوال سەعداوی، نووسەرێکی ڕۆژنامەنووس بەڕێز(علی) جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئەهرام)، دوو قسەی بۆ بەڕێزت هەیە، تۆمارمان کردووە دەتوانین گوێیان لێ بگرین.

نەوال سەعداوی: گوێ دەگرم.

.........................................

" (نەوال سەعداوی ) بارێکی مرۆییە، شایستەی لێکۆڵینەوە و بەزەییە، کە دەبووایە دوژمنی هەندێك لە پیاوان بێت، نەك دوژمنی ڕوشنبیری عەرەبی و ئیسلامی بێت و دەتوانم بڵێم نەوال سەعداوی ناوبانگەکەی لەسەر جەستەی ژن وەکو کاڵا ڕۆنا، کە دەبووایە بەرامبەرکێی لەگەڵ هەندێك لە پیاوان هەبووایە نەك دژایەتی ئایین و لەم بارەوە دەتوانرا تێگەیشتن بکرابایە، بەڵام لە ئایینیش بەس ڕووکەشەکەی وەرگرتووە ( نە فقهی خوێندووە و نە شەریعەت). نازانێت کە ئیسلام ئەوپەڕی مافی بە ژن داوە، کە بتوانێت وەکو مرۆڤێك بەدەستی بهێنێت. زیاتر لە چوار پەرتووکی سەبارەت بە لەشی ئافرەت و لەشی پیاو و سەبارەت بە پەیوەندییە ناسروشتییەکان نوسیوون. بۆ پەڕاندنەوەی شێواوییەکی گەورە لە کۆمەڵگە لە خۆراوا نموونەیەکی زۆر باشی تێدا بینییەوە. تا گەیشتە ئەو ئاستەی لەنێو ئایینداد لەسەر ئەو بنەمایەی کە خوا مێینەیە، لە جیاتی "قل هو الله الاحد" بڵێت "قل هی الله الاحد". هەموو ئەمانە لە پێناو سەرنجڕاکێشان بوون، من پێموایە (نەوال سەعداوی) شایستەی ئەو ژیانەیە، کە دەیگوزەرێنێت. لەبەرئەوەی ئەو بارێکی بە تەواوەتی پەرتەوازە

نەوال سەعداوی: من ئەوەم نەبینیوە. من ناتوانم بڵێم گوێم لە هەموو وتەکانی بووە. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو وتانەی من گوێم لێبوون، واژەی بوون، بایەخ بە واژە و بە دەق دەدا. هەروەها من بەردەوام.. بەردەوام دەڵێم " دەق بناخەی ناوەڕۆك نییە". ئەگەر دەق لەگەڵ بەرژەوەندی ناكۆك بوو، ئەوا بەرژەوەندی بەسەر دەقدا زال دەبێت. لەبەرئەوەی دەق نەگۆڕە، بەڵام بەرژەوەندی لە گۆڕاندایە. ئەمە قوتابخانەیەكی زۆر مەزنە لە ئیسلام، هیچ یەكێك لە شێخەكان لەم بارەوە نادوێن، بۆ.. بۆچی.. لەبەرئەوەی ئەوان دەق دەخوێنن.

وەفا كیلانی: تۆ دەڵێیت من لە شیخ شعراوی زۆرم نەبیستووە.

نەوال سەعداوی: هەموویم نەبیستوە.

وەفا كیلانی: بەڵێ هەمووی نا، باشە تا ئەو جێگەیەی كە تۆ نەڕۆشتویتە سەر هەموو ئەوانەی ئەو وتوویەتی یان ئەو پەرتووكانەی ئەو دەریكردون، دەكرێت تۆ ئەو وتەیەت گشتی بكەیتەوە و بڵێیت ئەو بایەخی بە واژە داوە، گرنگی بە ناوەڕۆك نەداوە؟

نەوال سەعداوی: ئەی كەس هەیە هەموو پەرتووكەكانی منی خوێندبێتەوە، من چل وحەوت پەرتووكم دەركردووە، باشە تۆ كە وتوویژ لەگەڵ مندا دەكەی، هەموویانت خوێندوونەتەوە.یان نا.

وەفا كیلانی: بێگومان نەخێر، لەبەرئەوەی ناتوانم (47) پەرتووك بخوێنمەوە.



هەڵچوونە ڕاگەیاندنییەكانی نێوان میسر و جەزائر ژیاون، كە لەسەر یاری كۆتایی تۆپپێی نێوانیان بوو، ڕۆژنامەی بەیان (الفجر)ی جەزائری لەم دوایانەدا لە سایەی ئەم پێدا هەڵگژانەی ڕاگەیاندنەكاندا نوسیبوویان، كە هیچ پیاوێك لە میسر نییە، بەس نەوال سەعداوی نەبێت.

نەوال سەعداوی: من ئەمەم نەبیستووە.

وەفا كیلانی: نا، ڕۆژنامەی فەجر نوسیوویەتی و دەتوانم ئەو ژمارەت بدەمێ، كە تێدا هاتووە.
نەوال سەعداوی: بمدەرێ، من نەمخوێندووتەوە. هەرچەندە من لەسەر ئەو یاریە و بە هیچ شێوەیەك، هیچم نەنووسیوە.

وەفا كیلانی: بەڵێ، ئەگەر ڕێگەم بدەی ئەمە بڵێم، ڕاگەیاندنی جەزائری دەیانەوێت بە نەوال سەعداوی، ڕاگەیاندنی میسری لەكەدار بكەن.

نەوال سەعداوی: نازانم، ئەوە گرفتی خۆیانە، بەڵام من پێموایە پرسی ئەو یاری تۆپپێیە زۆر ناشرین بوو، لەبەرئەوەی یاریكردن گیانێكی وەرزشی دەوێت. واتە پێكەوەژیان و خۆشەویستی و یەكگرتوویی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی، نەك پەرتیان بكات و من هیچم لەم بارەوە نەنووسیوە بە هیچ شێوەیەك، ئەمەشم نەخوێندووتەوە. هەروا من دژی ئەم قسەیەم، هەرچەندە ئەوان پیاهەڵدانی من دەكەن، كە پێموایە ئەوە مەبەستیان نییە و من لە دژیم و لەگەڵی نیم. من لەگەڵ ئەو سووكایەتیكردنانە نیم. من لە دژی ئەوەم میلەتێك سووكایەتی بە میلەتێكی تر بكات.

نەوال سەعداوی: بەتەواوەتی وایە، منیش ناتوانم هەزار وتەی ڕادیۆیی ئەوم گوێ لێبێت.

وەفا کیلانی: باشە پاش تێپەربوونی کات، لە ناختەوە بیر دەکەیتەوە؟! دەڵێیت منیش لەگەڵ شیخ الشعراوی توندبووم و ئەویش مافی هەبوو لەگەڵمدا بە وشەکانی توند و ڕەق بێت.. ڕێگەم بدە، بە واتای ئەو وشەیە بڵێم، کە جنێوت پێ بدات.. تۆ وتت جارێکیان جنێوی پێ داوم، کە من لەگەڵ شەیتان کار دەکەم.. ئایا تۆ مافی دەدیتێ و بیانووخوازی بۆ دەکەی؟

نەوال سەعداوی: نا.. نا، ئەو وتی "نەوال سەعداوی کار لەگەڵ شەیتاندا دەکات و منیش کار لەگەڵ خودا دەکەم، زۆر پێش ئەوە، پێش ئەوەی من لەبارەی ئەوەوە هیچم وتبێت.

وەفا کیلانی: واتە ئەو شەڕی بە تۆ فرۆشت؟

نەوال سەعداوی: نا.. نا شەڕ فرۆشتن، نا. نا، ئەو مافی ئەوە بە خۆی دەدات، لەبەرئەوەی دەوڵەت دەسەڵاتێکی گەورەی پێ بەخشی بوو. کە هەموو ڕۆژێك لە تەلەفزیۆنەوە قسە بکات. قسەی ئەو سایەی هەیە و ڕاڤەکانی ئەو سایەدارن، من داواکار بووم هەندێك وەڵامی سادە بدەمەوە هەندێ وەڵام. داواکەم ڕەت کرایەوە. ڕێگرییان لە من کرد.

وەفا کیلانی: داوات لە کێ کرد؟

نەوال سەعداوی: بەخۆم داوام لە دەسەڵات کرد، کە وەڵامی بدەمەوە و دەبێت وتوویژکردن هەبێت. بەڵام من لە ناو



ناگرێتەوە، بەڵکو بەهۆی شکاندنی تۆیە بۆ قەدەخەکراوەکانی خۆرهەڵات و وڵاتە عەرببیەکان و چوونی تۆیە بۆ ناوچە قەدەخەکراوەکان. لە سەر ئەمە بۆچونت چییە؟

نەوال سەعداوی: هەموو نووسەرەکان و بیریارەکان، تابوکراوەکان دەشکێنن، (نجيب محفوظ) ،ئەو تابوکراوانەی شکاند، هەموو نووسەرێك، ئەگینا سەرکەتوو نابێت، نووسەران و ئەدیبان هەموویان تابوکراوەکان دەشکێنن، ئەگەر ئەوە نەکەن، باشترە بێدەنگ بن، ئەمانە هەمووی بروبیانووی بێناوەڕۆکن. ئەگەر من لەناو دەسەڵات بوومایە و دەوڵەت پارێزگای لێ بکردمایە، ئەم قسەیان نەدەگوت، خەڵك بە سادەیی دەتوانن هێرش بکەنە سەرەم، لەبەرئەوەی..

وەفا کیلانی: لەبەرئەوەی پشتت نییە؟

نەوال سەعداوی: من پشتوپەنام بە تەنیا پەرتووکەکانمن، بەڵام دەسەڵات نییە.

وەفا کیلانی: بەس، تۆ دەبینیت زۆربەی نووسەر و بیریارە سەرکەوتووەکان لەسەر پەڕەی ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکان، دەبێت پشتێکی دەسڵاتداریان هەبێت.

نەوال سەعداوی: بەڵێ، لە وڵاتی ئێمە نووسەرێکی گەورە خەڵاتی ڕێزلێنان وەرناگرێت، بێگومان ئەگەر دەسەڵات لێی ڕەزامەند نەبێت.

وەفا کیلانی: بێگومان تۆش و خەڵکی میسر ئەو سەردەمەی

ڕاگەیاندنی میسری دا قەدەخە کراوم و لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری
من بوونم نییە. بەڕێوبەرایەتی باڵای هونەر و ئەدەب کۆنگرەی ئەدەبی سازدەدات، من بۆ هیچ کۆنگرەیەکی ئەدەبی بانگهێشت ناکات.

وەفا کیلانی: بۆ؟

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی ئەوانەی ڕێکیان دەخەن، لە دەسەڵاتدان، منیان ناوێت، من هیچ پەیوەندییەکم بە دەسەڵاتەوە نییە و لە هەموو ژیانمدا پەیوەندیم لەگەڵ هیچ دەسەڵات و میرییەکدانەبووە و نییە. هەروها دەڵێن نەوال سەعداوی بهێنن ، بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرێت و دواتر وەك ئەو لە کار دەربکرێن!. نەخێر. کێشەکە زۆر زۆر قووڵە. کاتێك تۆ بۆچوونی خۆت دەڵێیت و ئەو بۆچوونە دژی ڕەوتەکە [دژی تەوژم] بێت و لەگەڵ دەسەڵات نەیێتەوە. یەکەم جار خەڵك لێت دەترسێ و دواتر تۆ زیانمەند دەبیت و باجەکەی دەدەیت.

وەفا کیلانی: دەبێت بۆچوونت دژە-ڕەوت بێت لەگەڵ دەسەڵات نەبێت، یان هەندێك جار دەسەڵات بۆچوونی ژیرانییە، یان هەرگیز هیچ دەسەڵاتێکی ژیرانی نییە؟

نەوال سەعداوی: نا هەندێك جار دەسەڵات کاری باش دەکات.

وەفا کیلانی: واتە ئەوە شتێکی دەگمەنە؟

نەوال سەعداوی: زۆر دەگمەنە، لەبەرئەوی دەسەڵاتەکان لە سروشتی خۆیاندا لە سەرتارسەری جیهاندا بەرژەوندییان لەگەڵ



نەوال سەعداوی: نەخێر، کەس بۆچوونی منی وەرنەگرتوە، نە لە دژی بووم و نە لەگەڵی. بە هیچ شێوەیەك لەسەر ئەم بابەتە قسەم نەکردووە.

وەفا کیلانی: هیچ نیگەرانی نەکردیت؟

نەوال سەعداوی: نەخێر.

وەفا کیلانی: بۆچوونت سەبارەت بەو چارسەرەی (هەیکل) پێشنیازی کرد، بە دانانی لێژنەی دەستپاکان (مجلس الامناء) لە قۆناغی گۆڕنەکاریدا، چییە؟

نەوال سەعداوی: جیاوازم. بەتەواوەتی لەگەڵیدا نایمەوە. من زۆر جار ئەوەم وتووە، چۆن دەکرێت سەرۆکی وڵات لە دەرەوە هاوردە بکەین، کەسانێکی وەکو ( زویل یان برادعی یان مجدی یعقوب)، ئەوان هەر لە دەرەوەی وڵات ژیاون و هیچێك لە بارەی گرفتی ناوەوە نازانن، سەرۆکی وڵات دەبێت لەناو خەڵك هەڵقوڵاو بێت، نەك لە دەرەوەی وڵات ئاوەرە و ژیابێت، بهێنین و بیکەین بەسەرۆك. من لەگەڵ ئەمەدا نیم و لە دژیم.

وەفا کیلانی: هەموومان دەزانین، کە خۆراوا پێشوازیت لێ دەکەن و لە گەورەترین و کۆنترین زانکۆکانیاندا مێوانداریت دەکەن و پەرتووکەکانت وەرگێردراونەتە سەر زیاتر لە سی (30) زمان. بۆچونێك هەیە، دەڵێیت لەوانەیە پێم بڵێیت، ئەوە بۆچوونی ئیرەییە، بەڵام هەر پێمخۆشە پێت بڵێم.ئەو ڕێزەی خۆراوا بۆ تۆ و بۆ نووسینەکانت، ئەوە شتێکە بۆ لوتکەی هزری و ئەدبی تۆ

بەرژەوەندی زۆرایەتی بەشمەینەتی خەڵکدا ناکۆکە، ئەمە شتێکی سرووشتییە.

وەفا کیلانی: ئیسلام لە سەر پێنج بەندی بنچینەیی دامەزراوە. هەردوو شایەتمان و نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەج کردن بۆ هەر کەسێك ،کە لەو پێناوەدا توانای هەبوو، ئێمە هەموومان وەکو موسڵمان گەورە بووین و پەروەردە کراوین و فێربووین و باوەڕمان بەمە هەیە، تۆ دەڵێت حەج بنەمایەك نییە لە بنەماکانی ئیسلام؟

نەوال سەعداوی: نا من شتی وام نەوتووە هەڵەیە...هەڵەیە.

وەفا کیلانی: چۆن هەموو نووسینەکانت وادەڵێن ، تۆ بوێریت کرد و بە دەق وتوتە ( کە حەج و ماچکردنی بەردە ڕەشەکە نەریتێکی بتپەرستانە)..

نەوال سەعداوی: دەی باشە، ئەمە جیاوازە.. لەبەرئەوەی..

وەفا کیلانی: پشت بە چی شتێك دەبەستیت و دەڵێیت ئەمە نەریتێکی بتپەرستانەیە، ئەگەر نەریتێکی بتپەرستانە بێت، چۆن دەبێتە یەکێك لە بنەما پێنجینەکەی ئیسلام؟

نەوال سەعداوی: نا، لەبەرئەوەی پێش ئەوە، لەپێش ئیسلامدا بووە، بیرۆکەی حەج لە هەموو ئایینەکان لە پێشترە، لە پێش یەهودیە، لە پێش مەسیحییە و لە پپیش ئیسلامیشدایە ، بیرۆکەی حەجکردن، بیرۆکەی ماچکردنی بەرد لە پێش ئایینە ئاسمانییەکانەوەیە، لە سەردەمی بتپەرستییەوەیە و کاتێك



نەوال سەعداوی: بێگومان دەکرێت، من بەهانەی هەموو کەسێك وەردەگرم، هەوڵی خۆکوشتن یان تاوان بکات، بۆیە من لە دژی تاوانی لە سێدارەدانم.

وەفا کیلانی: نەوال سەعداوی بەبێ سانسوور، لەگەڵمان بمێننەوە. پاش ئەم ناوبڕە

.....................................

وەفا کیلانی: خاڵی دەستپێك. ڕاستییەك (من نەوال سەعداوی سەرنەکەوتنی فاروق حوسنی بۆ سەرۆکایەتی یونوسکو دڵخۆشی کردم)..

نەوال سەعداوی: کێ وای وتووە؟

وەفا کیلانی: من دەپرسم, کەس وای نەوتووە؟ خاڵی دەستپێکردنمان، پرسیاریکە بەم چەشنە.

نەوال سەعداوی: ئاها. من هیچ پەیوەندییەکم بە (فاروق حوسنی) و یونسکۆوە نییە، بە هیچ شێوەیەك.

وەفا کیلانی: ئەرێ، بەڵام تۆ لە دژی پاڵاوتنی ئەو بووی.

نەوال سەعداوی: بە هیچ شێوەیەك.

وەفا کیلانی: چۆن، لە دژی بووی؟

دەڵێم ئەمە نەریتێکی ئەوانە، ئەمە قەت بەو واتایە نییە، کە بنەمایەك نییە لە بنەماکانی ئیسلام. بینیت ئەم ڕاڤەکردنە هەڵە بوو.

وەفا کیلانی: واتە تۆ باوەڕت بەوە هەیە، کە حەج بنەمایەکە لە بنەماکانی ئیسلام؟

نەوال سەعداوی: حەج یەکێکە لە کەشە ئایینییەکان، واتە جیاوازییەك لە ناوەڕۆکی ئاییندا هەیە... بە ردەوام ئەم پرسیارەم لێ دەکەن نازانم خەڵك بەردەوام بۆ ئەم پرسیارەم لێ دەکەن، نازانم بۆ خەڵك بۆ ئەمە سەخڵەتیان دەکات، قوتابخانەی ئیسلامی هەیە، حەج ناکات، سوفییەکان هەموویان حەج ناکەن، هۆزی (عەدەویە) حەزیان لێ نییە.

وەفا کیلانی: بەڵام پرسیارەکەی منە ڕوونە، تۆ...

نەوال سەعداوی: بەڵام من خوێندومەتەوە..
وەفا کیلانی: تۆ باوەڕت بەوە هەیە، کە یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام؟

نەوال سەعداوی: من دژی ئەو پرسیارەم، من باوەڕدارم یان نا، لەبەرئەوەی من بە تۆ ناڵێم، باوەڕت بە چی هەیە..

وەفا کیلانی: تۆ پرسیارم لێ بکە، من وەڵامت دەدەمەوە.

نەوال سەعداوی: نەخێر من پرسیار ناکەم،.ئەو پرسیارە هەڵەیە.



جیاناکرێنەوە.

وەفا کیلانی: دژی یان لەگەڵ چەکی ئەتۆمی ئێرانی؟

نەوال سەعداوی: نا، من دەڵێم مافی ئەتۆمی بۆ هەموو دەوڵەتەکان یان چەکی ئەتۆمی لە ئیسرائیل و ئەمەریکا و فەرنسا دابماڵرێت، من دژی دووڕوویم، کە لە دژی چەکی ئەتومی بن بۆ ئیران و لەگەڵ چەکی ئەتۆمی بن بۆ اسرائیل. چەکی ئەتۆمی لە هەموو وڵاتان دابماڵرێت.

وەفا کیلانی: کەواتە، تۆ لە دژیت بە گشتی؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ.

وەفا کیلانی: لە دژی یان لەگەڵ خۆکوشتنی (خۆکوژی)؟

نەوال سەعداوی: من لە دژی خۆکوشتنم، بێگومان بەڵام دەبێ هۆکارەکانی بزانین.

وەفا کیلانی: بۆ؟

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی خۆکوژی جۆرێکە لە ڕاکردن و داماوەییە لە ڕووبەڕوونەوەی ژیان.

وەفا کیلانی: بەڵام تۆ دەڵێیت، دەبێت هۆکارەکانی تێبگەین، واتە ئەگەر یەکێك هۆکارەکەی گەورە بوو، بەهانەکەی وەردەگرین؟

نەوال سەعداوی: ئەوە لەسەر ئەوە دەوستێت، کە ساختە دەکرێت یان نە.

وەفا کیلانی: ئەگەر ساختە نەبوو؟

نەوال سەعداوی: واتە ئازادییەکی ڕەها.

وەفا کیلانی: بەڵێ.
نەوال سەعداوی: نازانم ، ناتوانم ، بەڵام دەتوانم بڵێم، من وەکو نووسەرێك بێجگە لە هەمـــوو ئەو قسەلۆکە خراپـــانە لەلایەن دەسەڵات و ڕەوتە ئایینێکانەوە بۆم هەڵدەبەسترێن، جەماوەرێکی زۆرم هەیە، من هەستی پێدەکەم و خەڵکیش هەستی ئەوەیان بۆم هەیە، بەڵام نایزانم، ئەوە شتێکە کەس نایزانێت.

.................................................................

## برگەی ( لە دژ و لەگەڵ)

وەفـــا کیلانـــی: دکتـــۆرە نەوال لە دژی یـــان لەگەڵ یەکێـــتی عەرەبییت؟

نەوال سەعداوی: لەگەڵ یەکێتی عەربیم.

وەفا کیلانی: لەگەڵ یان لە دژی لۆژیکی میکاڤیلی کە ئامانج بەهانەیە بۆ ئامراز؟

نەوال سەعداوی: لە دژیـــم، ئامانـــج و ئامـــراز لەیەکـــتر



وەفا کیلانی: کە تۆ دەڵێیت ئەم پرسیارە هەڵەیە، کەواتە تۆ بڕوات بەوە نییە کە حەج..

نەوال سەعداوی: نا. نا، من دژی ئەم ڕێبازەم. من کاتێك گەشت بۆ هەندەران دەکەم، کەس بە هیچ جۆرێك پێم ناڵێت، ئایینت چییە، من لەگەڵ یەهود گەورە بووم...

وەفـــا کیلانـــی: بەڵام دوکتـــۆرە، بیرکردنەوەکـــانت.. بیرکردنەوەکانت...

نەوال سەعداوی: ئێـــوە هەڵەیەکتـــان نـــاوەتەوە کردوتـــانە بە گرفتمان..

وەفا کیلانی: خەلك دەیخوێنێتەوە و مشتومڕ درووست دەکات و ڕەت دەکرێتەوە و دواتر بەبێ باوەڕی (کافری) و لەم بارانەوە تاوانبار دەکرێیت..

نەوال سەعداوی: بە هۆکاری ڕاگەیاندەوە.

وەفـــا کیلانـــی: باشـــە تـــۆ ئێســـتاکە بـــوارێکی ڕاگەیانـــدنت لە بەردمدایە، فەرموو قسە بکە.

نەوال سەعداوی: من دەمەوێت خەڵك لەم کاتەدا لەسەر زانستی تەندروستی، لەبارەی زانستی دەروونییەوە، بدوێت..

وەفا کیلانی: من دکتۆرە نیم، دکتۆرە، من مرۆڤێکی زۆر سادەم، من ناگەمە ئاستی دکتۆرەکان..

نەوال سەعداوی: ئەی کەواتە بۆ تۆ لە ئاییندا پسپۆڕیت؟! ، هەموو بنەماکانی ئایین.. ئایین..

وەفا کیلانی: نا من لە بارەی هونەرەوە قسە دەکەم...

نەوال سەعداوی: بنەماکانی ئیسلام بنەمای حەج..!! من بێزار بووم !!..

وەفا کیلانی: ئەوانە قسەکانی تۆن

نەوال سەعداوی: نەخێر، ئەمانە ئێوەن دەیانڵێن.. ئەگەر تۆ تەماشایەکی مێژووی ژیانی منت کردبێت، دەبینی 47 پەرتووک و ئیشی زۆرم لە بارەی زانستەوە کردووە و هەندێ پەرتووکی زانستیم هەیە..

وەفا کیلانی: ڕانەهاتووم لە راکردن لە دکتۆرە نەوال سەعداوی.. ڕانەهاتووم لە ڕاکردن..

نەوال سەعداوی: لە بارەی شتێکەوە قسەم لەگەڵ بکە، کە پەیوەندی بە ئایینەوە نەبێت.

وەفا کیلانی: ئەی خوایە نابێت ! بێسوودە.. ئەو هەرایە!.. خەڵك ئەم ڕۆ لە من زویرن، چۆن نەوال سەعداوی دەهێنیت؟ نەوال سەعداوی (کافرە) بێباوەڕە..

نەوال سەعداوی: پێانبڵێ من لە بارەی زانستەوە قسەی لەگەڵ دەکەم.



نەوال سەعداوی: بەڵێ، نەمکرد، لەبەرئەوەی ڕێگەیان لێم دەگرت، لەبەرئەوەی یاسا ڕێگەی نەدەدا، من ئامانجێکم هەبوو...

وەفا کیلانی: پێش ئەوەی مادەی ( 76) چاك بکرێتەوە؟

نەوال سەعداوی: ناچار کرابووم. هەموو سەربەخۆکانیان ڕەتکردنەوە، من دەچووم و ڕەت دەکرامەوە، من چوومە هەڵبژاردن و بەرنامەیەکی تەواوم ئامادەکرد، وەکو سیمبولێك، کە ژنە میسری دەتوانیت بەشدار بێت و بە بەرنامەیێکی نوێ ڕکەبەری بکات و دواتر کە زانیم ڕێگەیان لە هەموو سەربەخۆکان گرتوە و دەسەڵات ڕێگە نادات، منیش کشامەوە، تۆ وتت بۆ کشایتەوە..

وەفا کیلانی: بۆ؟

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی فرەیی نەبوو..

وەفا کیلانی: باشە، ئەگەر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی خۆتت بپاڵاوتایە، مەزندەت دەکەرد، چەندە دەنگ بهێنیت؟

نەوال سەعداوی: نازانم، من خۆم ناپاڵێوم؟

وەفا کیلانی: نا، بەس وەك گریمان دەڵێم، ئەگەر...؟

نەوال سەعداوی: نازانم، ناتوانم ، پێشداوەری بکەم..

وەفا کیلانی: واتە، تۆ پێتوایە زۆر دەهێنیت؟

وەفا کیلانی: من دواتر لە بارەی زانستەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، بۆ تۆ، ئەو کاتەی کە لە بارەی ئایینەوە قسە دەکەیت، بە ناوی ئایینەوە دەدوێت یان بە ناوی زانستەوە.

نەوال سەعداوی: من نامەوێ لە بارەی ئایینەوە قسە بکەم، بە هیچ شێوەیەك. لە بارەی ئایینەوە قسەم کردووە، دەمانەوێت لە بارەی شتی دیکەوە قسە بکەین، دەزانیت جیهان بەرەو پێش دەڕوات..

وەفا کیلانی: بۆ ئایین بەرەو دواوەمان دەبات؟

نەوال سەعداوی: چی؟

وەفا کیلانی: بۆ ئایین بەرەو دواوە دەمان بات؟

نەوال سەعداوی: بەم ڕیگەیە بەڵێ.

وەفا کیلانی: بۆ.

نەوال سەعداوی: پێت دەڵێم بۆ. من دەڵێم ئەم کاتە بە نرخەی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن بە فیڕۆ دەدەین ، ڕاگەیاندن بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگەیە ، ڕاگەیاندن بۆ جیای ئایینە لە دەسەڵات، بۆ ئەوەیە لە سەر یاسای دادپەروەرانە بدوێن.

وەفا کیلانی: ئەگەر ئایین نەبووایە، کە یاساکانی ژیانی لە نیوان ئێمە و خەڵکانی تردا ڕێکخستووە، جیهان دەبوو بە جەنگەڵ.



نەوال سەعداوی: هیچکامیانم پێ باش نییە.

وەفا کیلانی: کەواتە هەردووکیان دەسڕیتەوە؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ.

وەفا کیلانی: باشە، دوای ئەو وێنەی ( ئیمەن نور)؟

نەوال سەعداوی: نەخێر دەیسڕمەوە.

وەفا کیلانی: دوای ئەو وێنەی ( جمال مبارك)؟

نەوال سەعداوی: هەروەها ئەویش هەڵنابژێرم، ئەو چوارە هیچیان هەڵنابژێرم. بە کورتی هیچیان هەڵنابژێرم و.بەس.

وەفا کیلانی: کێ هەڵدەبژێریت؟

نەوال سەعداوی: کەس هەڵنابژێرم، من دەمەوێت خەڵکی میسر بگەن بەئاستێك لە هوشیاری و ڕێکخراوبوون، کە سەرۆکی وڵاتی خۆی بۆ خۆی هەڵبژێرێت، بە بێ دەستتێوەردانی هیچ کەسێك.

وەفا کیلانی: لە سەرەتای ساڵی 2005 دا خۆت بۆ سەرۆکایەتی میسر دەستنیشان کرد.

نەوال السغداوی : بەڵێ، وەکو سیمبول.

وەفا کیلانی: بەڵێ، بەڵام بە کردەوەخۆت نەپاڵاوت. بۆ؟

نەوال سەعداوی: نا.. نا..نا !!!..واتە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئایینیان لە دەسەڵات جیا کردۆتەوە جەنگەڵن؟! ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئایینیان لە دەسەڵات جیا کردەوە جەنگەڵن؟! واتە ئەی ئێمە!.. من دەمەوێت شتێکت پێبڵێم ، ئێمە لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا بازرگانی بە ئایینەوە دەکەین، تا خەڵك پێمان بڵێن ئەوانە باوڕدارانێکی جوانن، لەبەرئەوەی ئێمە دەترسین، خەڵك پێمانبڵێن ئەی بێبڕواکان (کافرینە).

وەفا کیلانی: تۆش دەترسییت، خەڵك پێت بڵێن بێباوەڕ ، ئەوان وایان پێتوت؟

نەوال سەعداوی: نا، من ناترسم.

وەفا کیلانی: بەڵام ئێستا بۆ ڕاتکرد، بڵێ کە من گۆڕاوم، ئەگەر تۆ لە بۆچوونی پێشووت پاشگەز بوویتەتەوە کە حەج...

نەوال سەعداوی: پاشگەز بوومەتەوە؟!!!

وەفا کیلانی: بەڵێ ئەگەر پاشگەزبویتەتەوە نەنگی نییە.

نەوال سەعداوی: چی نەنگی نییە؟ ئەمە چییە؟
وەفا کیلانی: تۆ پاشگەز بوویتەوە یان نە؟

نەوال سەعداوی: ئەمە چییە، ئەم پاشگەزبوونەوەیەت بۆمن دروست کرد، بەبێ ئەوەی من پاشگەز بوبێتمەوە.

وەفا کیلانی: تۆ ئامادەنیت وەڵام بدەیتەوە، تۆ ڕادەکەیت، ڕاکردن



خەڵکی. بەڵام ئەوان هزریان داپۆشراو نییە. ئەوەی گرنگە داپۆشینی هزریە. کەسێکی دی خۆی دەرخستووە و سنگی بەدەرەوەیە، بەڵام هزری داپۆشراوە و لە هیچ تێناگات و ڕوتە، بەڵام ئەو موحوجەبانە تێدەگەن و دەخوێننەوە و سەرم لێ دەدەن و دێن بۆ ماڵم و لەگەڵمدا دەدوێن.

.................................................

وەفا کیلانی: لە ژێر ناونیشانی (کێ دەسڕیتەوە) ، لە ساڵی 2011 دا میسر لەبەردەم هەڵبژاردندایە، بە وێناکردنی تۆ، کێ دەبێتە سەرۆکی وڵات، لەکاتێکدا ئەگەر سەرۆك حوسنی مبارك، خۆی هەڵنبژێرێتەوە؟ چوار وێنەت نیشان دەدەم، دوو وێنە بە دوو وێنە بەراورد بکە و لە نیوانیاندا دانەیەکیانم بۆ بسڕەوە.
فەرموو.. (لە سەر شاشەیێك یەکەم جار وێنەی عمرو موسی ، برادعی لە تەنیشتیەوە دانراوە) کام لەم دوانە بسڕینەوە؟

نەوال سەعداوی: نازانم..

وەفا کیلانی: لەم دوو تایە، کامیانت پێ باشترە؟

نەوال سەعداوی: هەر وەك یەك وان، پێم وانییە سەرکەوتوو دەبن، چونکەسەبارەت بە هەڵبژاردن، بۆچوونی خۆمم هەیە، هەڵبژاردن پێویستی بە ڕێکخستن و هوشیاری خەڵك هەیە..

وەفا کیلانی: لەوە گەڕێ، ئەوان سەردەکەون یان نا، بەڵام تۆ، نەوال سەعداوی کامیان باشتر دەبینیت؟

وەفا کیلانی: ئەمە قسەی فەلسەفییە.

نەوال سەعداوی: بەڵێ، ئەمە فەلسەفەیە. ئەمە فەلسەفەی منە لە ژیاندا. وڵاتی من فروان بۆتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە خۆی بگرێت ، من کە گەشت دەکەم بۆ هەر شوێنێك دەبینم خوێنەرەکانم دێن بۆ سەردانم. وڵات لەو شوێنیە کە ئازادی هەیە دادپەروەی هەیە.

وەفا کیلانی: لە بابەتێکی ئەم داویەتدا شتێکم خوێندەوە، کە تێیدا دەڵێیت "لە فرۆکەخانە بووم، سێ کچی داپۆشراو (موحەجەبە) هاتن و لێم نزیك بوونەوە، کە ژنی زۆر سادە بوون و سڵاویان لێمکرد و وتیان تۆمان زۆر خۆشدەوێت" ئەمەی وا نوسیبووت پێت سەیر بوو، کە ژنی موحوجەبە لێت نزیك ببنەوە و سەرسامبوونی خۆیان بە تۆ نیشان بدەن؟

نەوال سەعداوی: لە سەرەتادا پێشوتر و لە چەندساڵی پێشووتردا، وامدەزانی ئەم موحەجەبانە شتی من ناخوێننەوە، بۆ من شتێکی کتوپڕ بوو و شاگەشکەی کردم، گۆڕان ڕوویداوە، لەم ساڵانەی دوایدا بۆم دەرکەوت، کە کەسانی موحەجەبەی زۆر هەن، کە خۆیان دادەپۆشن، بەڵام بە شێوەیەکی کردەیی بۆ دڵ ڕایکردنی شەقام و بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان دەیکەن و قسەو قسەڵۆکیان ناوێت.

وەفا کیلانی: ئەوان وایان بە تۆ وت؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ، وتیان بۆیە پۆشیومانە، لەبەر قسەی



پاشگەز بوونەوەیە.
نەوال سەعداوی: من لە هیچ شتێك ڕامنەکردووە.

وەفا کیلانی: دەی کەواتە وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

نەوال سەعداوی: وەڵامی چی بدەمەوە، دەتەوێت پێمبڵێیت، من باوڕدارم یان بێباوەڕ( کافر)؟.

وەفا کیلانی: من بە تۆم نەوتووە تۆ بێباوەڕی ، ئەوەی تۆ دەیڵێیت، "ماچکردنی بەردە ڕەشەکە خوویەکی بتپەرستانەیە".

نەوال سەعداوی: ئەمە چییە ماچکردنی ئەو بەردە، تۆ ماچی بەردەکەت کردووە؟

وەفا کیلانی: هیوا دەخوازم.

نەوال سەعداوی: باشە ئەوە بکە، کە دڵت ئارەزووی دەکات.

وەفا کیلانی: دەڵین ئەوەی تامی کرد، زانی.

نەوال سەعداوی: دەی زۆر جوانە.

وەفا کیلانی: تۆ بۆ تەنگەتاو دەبیت، تۆ حەجت کردووە؟.. تۆ حەجت کردووە؟ تۆ حەجت نەکردووە.

نەوال سەعداوی: سەیرە !!

وەفا کیلانی: من بەس پرسیار دەکەم، حەجت کردووە؟

نەوال سەعداوی:ئەی بۆ تۆ حەجت کردووە؟

وەفا کیلانی: نا، بەس ئارەزوومە.

نەوال سەعداوی: دەی تەواو، ئارەزەوتە حەج بکەی، حەج بکە ، من چی پیوەندیم بەوەوە هەیە. دەزانی باس شتی پەیگیرانە (جدی) بکەین. تەماشا کە پەیگیربوون ئەمەیە...

وەفا کیلانی: من گاڵتە ناکەم.

نەوال سەعداوی: نا، تۆ گاڵتە دەکەی. نا تۆ گاڵتە دەکەی...
وەفا کیلانی: بێسودە من گاڵتە لەسەر بنەماکانی ئیسلام بکەم.

نەوال سەعداوی: نا، تۆ گاڵتە دەکەی، من پێموایە ئەمە گاڵتەیە. من بۆچونم وایە، ئەمە گاڵتەیە.

وەفا کیلانی: بۆم شی بکەرەوە، بۆ وتت ماچکردنی بەردەڕەشەکە، خوویەکی بتپەرستانیە؟

نەوال سەعداوی: ئەمە چییە بەردە ڕەشەکە!.دەی تۆ ماچت کرد؟
وەفا کیلانی: حەجم نەکردووە دکتورە.

نەوال سەعداوی: بۆ؟

وەفا کیلانی: لەبەرئەوەی هەلم بۆ نەڕەخساوە.

نەوال سەعداوی: بۆ، بڕۆ.



بەرپرسیارێتی زۆر.. زۆرە، پیاوان حەزیان لە دەستەمۆکار و بەردەستان (جاریە) نییە. من لە دژی کەسایەتی مێیوونی ژنی دەستمۆکراو و دژی نێرینەیەکم، کە بە سمێڵەوەیە. بەڵام من لەگەڵ مرۆڤی سروشتی و ڕاستگۆم، پیاوان و ژنانی ڕاستگۆ ڕادەکێشن.

وەفا کیلانی: دادگەی دادی کارگێریی (اداری) ڕۆژی 12 مایو 2008 ڕەتی کردەوە، کە مافی هاووڵاتی بونت لی وەربگیرێتەوە و داوایەکی دیکەت لەسەرە لەلایەن (نبیل الوحش)، کە پارێزەرە و ئەو بەرامبەری لێ گرتووی؟

نەوال سەعداوی: نەخیر، من نایناسم، ناوی هیچ کەسم بۆ مەهێنە، نامەوێ بزانم.

وەفا کیلانی: ئەی ئەو کەسەی، کە داوات لە سەر دەنووسێت؟

نەوال سەعداوی: نە، بەس یەك کەس نییە، زیاتر لە کەسێکە.

وەفا کیلانی: بە هۆی بۆچوونەکانتەوە داوای لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتییبونی (میسری)یان کردبوو، بەڵام، دادگە ڕەتی کردەوە. وڵاتەکەت باوەشی پێتاکرد، لەکاتێکدا تۆ وتت وڵاتەکەم شایەنم نییە.

نەوال سەعداوی: من بەم واتایە، ئەم وشەیەم نەوتووە، وڵات چی واتایەك دەگەیێنێت، کاتێك وڵات دەبێت بە زیندان؟ من چەمکێکم هەیە بۆ وڵات، وڵات شوێنی لە دایکبوون نییە یان پارچە زەویك، وڵات مرۆڤایەتییە، من وڵاتەکەم سەراپای مرۆڤایەتییە...

نەوال سەعداوی: نا، نەخێر. ئەمانە بەواتای خۆشەویستی نین بۆ پیاو، بەڵکو واتای ئارەزووی منە بۆ شتی کردەیی (عملی)، من کاتێك دەچمە دوکانێك، ناچم بەلای پێڵاوی بنبەرزە و قەت ناچمە ناو دوکانی پێڵاوی ژنان، لەبەرئەوەی بنبەرز لە پێ ناکەم

وەفا کیلانی: باشە، کە سواری باس (ئوتوبوس) دەبێت، بۆ لە بەشی ژنان دانانیشیت؟

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی لە جێگەی ژناندا، ژنان وا دەردەکەون، کە زۆرلێکراون، کاتێك سواری میترۆ دەبم، لە میسر دەبینم ژنان هەموویان پێچەیان لەسەرە و وا دانشتوون، کە بەسەر خۆیاندا شکاون و هەستێك لە توڕەی و ملکەچیم بۆ دێت، بۆیە بەشی ئافرەتان(حریم) بەجێدەهێڵم، کە پێیاندەگوت "ژووری (حریم). من (حریم) نیم، نەخێر، من مرۆڤم، کاتێك کراسێکی بیانی یان پاڵاتۆ یان تەنورە لەبەر دەکەم یان جزمەیەکی بێ بن لە پێدەکەم، ئەمە هەمووی ژیانی سادە و کردەییە و سروشتییە. پیاوان بەهۆی سروشتی کارە دوور و درێژەکانیان لە مێژوودا پۆشاکیان سادە و کردەییە.

وەفا کیلانی: کەواتە، ئەوە سروشتێکی نێرانی نییە و نەڵێم پیاوانی؟

نەوال سەعداوی: نا، نەخێر. من پیاوانی نیم، من ژنێکی سروشتی و سادەم، مێبوونم سروشتییە، پیاوی زۆر هەن، کە حەزیان لێ کردوم، هەتا ئێستاکەش، من لەم تەمەنەمدا خۆشیان دەوێم. ڕاستگۆییانم خۆشدەوێت. ڕەوشتیانم خۆشدەوێت، ئازادی واتای



وەفا کیلانی: پەنا بەخوا، خودا پێم دەبەخشێت

نەوال سەعداوی: دەزانی من....

وەفا کیلانی: بوچوونتم بۆ شی دەکەیتەوە؟

نەوال سەعداوی: دەزانی، من دەزانم ئەم شتانە لە بەرنامەکەتان دەقرتێنن.

وەفا کیلانی: هیچی لێناقرتێنین.

نەوال سەعداوی: من دەزانم دەقرتێنن.

وەفا کیلانی: نا، نایقرتێنین.

نەوال سەعداوی: ئەو بڕگەیە دادەنێن، کە تۆ بە من دەڵێت، ڕاتکرد؟

وەفا کیلانی: نا، چاوپێکەوتنەکە دەبینیت و دەزانیت ئەمە هەمووی ماوە. من بەس دەمەوێت بزانم، کە پێت دادەگرت، بەهانەکەت چی بوو، ڕاڤەم بۆ بکە قەناعەتم پێ بکە.

نەوال سەعداوی: باشە، من پرسیارێکم لە تۆ هەیە.

وەفا کیلانی: فەرموو.

نەوال سەعداوی: تۆ موسڵمانی؟

وەفا کیلانی: بەڵێ

نەوال سەعداوی: لەبەرئەوەی باوکت موسڵمانە؟ هەموو ئایینەکانی ترت خوێندوونەتەوە و دواتر ئیسلامت هەڵبژارد؟

وەفا کیلانی: من بە موسڵمانی لەدایك بووم و لە سەر ئایینی ئیسلامی پەروەرد ە کراوم و قورئان باس لە هەموو ئایینەکانی تری تێدایە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بیەوێت بیخوێنێتەوە.

نەوال سەعداوی: بەڵام نەتخوێندوونەتەوە، تۆ ئایینی خۆت هەڵنەبژاردووە، تۆ دەزانی ڕێکەوتنامەی جیهانی منداڵان بەندێکی تێدایە، دەڵێت منداڵ باوەڕی خۆی هەڵدەبژێرێت، هیچ باوەڕێك بە سەریدا ناسەپێنرێت، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە هەر لە منداڵییەوە باوەڕەکان بەسەرماندا دەسەپێنرێن، لە قوتابخانە و لەناو ماڵ. دەی کەواتە ڕۆڵێی من لە چیدایە، ڕۆڵی کەسێك، کاتێك دەردەکەوێت، کە باوەڕی خۆی هەڵبژێرێت. بەڵام تۆ بە سەرتدا سەپێنراوە.

وەفا کیلانی: تۆ هەڵتبژارد یان بەسەرتدا سەپا؟

نەوال سەعداوی: بێگومان من هەڵمنبژاردووە، بۆ کەس هیچ هەڵدەبژێرێت ، هەموومان ئایین بۆماوە (میرات) دەبێت بۆ مان، ئەوەی باوکی مەسیحی بێت ئایینەکەی بۆماوە دەبێت بۆی، هەروا و ئەوەی باوکی ئیسلامە، ئایینەکەی بۆماوە دەبێت بۆی، دواتر لە بەرامبەر یەك دەوەستینەوە و یەکتر دەکوژین، ئێمە ئایینێکمان بۆ ماوە، بۆ کراوە، خۆمان هەڵمانەبژاردووە، ئەی ئێمە بۆ بەرەو



نەوال سەعداوی: وەکو باوکم. باوکم منی لە براکەم زیاتر دەنرخاند، لەبەرئەوەی من باشتر بووم و بەرپرسیارتر بووم و لە ماڵ کارم دەکرد، لە دەرەوە کارم دەکرد. باوکم پێش ئەوەی بمرێت، وتی نەوال سەرگەورەیی خوشك و براکانت بکە، بە براکەمی نەوت، متمانەی بە من هەبوو و هەستی دەکرد من بەرپرسیارم. سەبارەت بە ژن و پیاو. ئەوەی لەمن نزیکە ڕاستگۆیە و لە ڕاستگۆتریانە.. زیاتر بە ڕەوشتە..

وەفا کیلانی: بەس بۆ من وا هەستم کردووە، کە تۆ بوێریت نییە، کە دان بەوەدا بنێیت، کە پیاوت لە ژن خۆشتر دەوێت، هەرچەندە داکۆکیکاری بەهێزی ژنانیت.پێم بڵێ، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە هەندێ بڕگەی یادەوەرییەکانتدا لە بەشی یەکەمدا، بە دیاریکراوی وتووتە " هەموو ڕۆژێك بە پێ ڕێدەکەم، دەچم بۆ کۆلێژ، لە پێمدا پێڵاوێکی پێست ڕەش، بنەکەی چوارگۆشەی فراوان و بە هێز، وەکو بەنی پێڵاوی پیاوان، لە دەستمدا جانتایەکی پێستیی بە دەستمەوەیە، بە جانتای پزیشکەکان دەچێت، جلێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیی خوریم لەبەردایە، وەك ئەوەی پاڵتۆکەی باوکمی لێ دروست دەکرێت، بەژنم توندوتۆڵ و لە باڵای هاوڕیاکانی کۆلێژم درێژترە.

وەفا کیلانی: من لەبەردا خۆم شتێکت بۆ دەخەمە سەری، وەکو بەژن و باڵای پیاوان. لە شوێنێکی تری یادەوەرییەکانتدا دەڵێیت " من لە بەشی پیاوانی میترۆ [شەمەندەفەری ژێرزەوی و.ك] نەك بەشی ژنان، سواری دەبووم" و هەندێك دەربڕینیدیکەت هەن، دەڵێیت " هەڵسوکەوتت بەرەو لای پیاو دەچێت، وەك ئەوەی بۆ لای ژن بڕوات، واتە ئەمە هەمووی خۆشەویستییە بۆ پیاو.

دواوە دەڕۆین؟ خوازیارم ڕاگەیاندن لە ڕۆشنکردنەوە و لە زانست و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێك بگێڕێت.

وەفا کیلانی: من ئەمڕۆ ڕۆڵی چی دەگێڕم؟

نەوال سەعداوی: گرفـــتی وڵاتە ئیســلامییەکانی ئێمە و عەرەبییەکانمان ، واتە هەموو گرفتەکانمان تەواو بوون و بەس ئەوە ماوە، کە خەڵك بەرد ماچ ناکات، ئەمەیە گرفتی ئێمە، دواکەوتوویمان لە باری ئابووریی و کلکایەتی ئابووریی و ڕامیاریی و داڕوخانی فێربوون و بازرگانی بە ئایینەکان هەموو شتێك ڕۆشت، بەس ماچکردنی بەرد ماوە؟!

وەفا کیلانی: واتە تۆ لەگەڵ حەجی، بەس لەگەڵ ماچکردنی بەرد نیت؟

نەوال سەعداوی: من نامەوێت لە سەر حەج قسە بکەم، بە هیچ شێوەیەك نە لەسەر بەردیش.

وەفا کیلانی: لەبەرئەوەی پەرتووکێکم بۆ هێنابووی بیانووی ئیسلام( حجە الاسلام )، بێگومان تۆ زیاتر شارەزای لەم بارەیە و من تازە خوێندومەتەوە

نەوال سەعداوی: ناوی چییە؟

وەفا کیلانی: (الموعظة المؤمنين) کە ڕێپشاندەری موسوڵمانان، ئیمام غەزالی (امام الغزالى) لە کۆتایی لاپەڕەی 51 و لە لاپەڕەی 52 دا کە چیرۆکێکی تێدا بوو، سەبارەت بەردە ڕەشەکە و



وەفا کیلانی: بۆیە یاسای دارستانت بەکارهێنا، بەڵێ، یاسای کەتەر؟

نەوال سەعداوی: بەڵی یاسای ستەمکار. یاسای جەنگەڵ.
من کەتەرم بەکار نەدەهێنا، من بەس هەڕەشەم لێ دەکرد، تۆ هێزی یاسات هەیە، منیش هێزی نەشەتەری و پزیشکیم هەیە، هەروا لەو ڕۆژگارەدا من نەشتەرگەر بووم.

وەفا کیلانی: هەروا لەسەر وەرگیراوەکە، ڕکت لە پیاوە؟!..

نەوال سەعداوی: کێ وا دەڵێت؟

وەفا کیلانی: وات لێ وەرگیراوە، کە پیاو بڕوخێنیت و لە قەڵاکانی بدەی، تۆ بەردەوام ئەو ژنەی کە پیاوانی بۆ گرنگ نین، من بەس یەکسان نیم لەگەڵت، بەڵکو هەروەها لە تۆ باشترم.

نەوال سەعداوی: لەسەر کەسەکە دەوستێت.

وەفا کیلانی: دەوەستێت، کاتێك کە شتێکی تۆم خوێندەوە، من هەستم بە شتێك کرد، تۆ پیاوت لە ژن خۆشتر دەوێت، نەك وەك ئەوەی دەریدەخەیت.

نەوال سەعداوی: بەڵی هەر وایە، من ڕاستگۆکار و چاکەکارم خۆش دەوێت.

وەفا کیلانی: نا، پرسکە چاکەکاریی نییە. باشە، پێم بڵێ بۆچی؟

شیکردنەوەی پرسی حەج.

نەوال سەعداوی: من نامەوێت لەسەر بەردەکان قسە بکەم، من دەمەوێت لەسەر ئاوەزەکان (عەقڵەکان) قسە بکەم ، ئاوەزمان دەوێت.

وەفا کیلانی: لەو سکاڵایەدا کە لەلایەن پارێزەر( نبیه الوحش)ەوە دژت بەرزکرایەوە، کە تێیدا بە لادان تاوانباری کردی، پشتی بەوە دەبەست، کە تۆ دەستدرێژیت کردووەتە سەر دەقەکانی قورئان بەتایبەتی سورەتی (اخلاص) وتنەوەی ( قل هو الله الاحد).
نەوال سەعداوی: جارێکی دی دیسانەوە شێخ و مەشایخم بۆ دێنێتەوە؟.

وەفا کیلانی: نا، ئەو پارێزەرە (نبیه الوحش) شیخ نییە.

نەوال سەعداوی: من ئەوە نازانم، من نامەوێ سەبارەت بەو کەسانە بدوێم، لەبەرئەوەی ئەوانە قسەیەگەلێکن، کە ئێوە بڵاویان دەکەنەوە.

وەفا کیلانی: من نامەوێت سەبارەت بەو قسە بکەین، دەمەوێت بڵێم تۆ....

نەوال سەعداوی: من نامەوێت لە بارەی مشایخ قسە بکەم.

وەفا کیلانی: دکتورە، ئەو شیخ نییە !.

نەوال سەعداوی: تەماشا کە، ئەوانەی پرسی (حسبە)یان لە



(شریف حتاته) تۆمار کرا، تۆ چۆنت بینی و ئەویش چۆن تۆی تەماشای کرد؟

نەوال سەعداوی: (شریف) نووسی، ئێمە جیانابینیەوە، من پێدەکەنم و پێی دەڵێم (کاتێك ژنانێك کێشەیان دەبێت، داوای جیابوونەوە دەکەن و بە ویستی خۆیان کەچی ئەو مافەیان نادەنێ) منیش وتم نەخێر، بە ویستی خۆمان شتەکان دەکەین، کاتێك بمانەوێت جیابوونەوە بکەین، بەدەستی خۆمان دەیکەین، نەك بەدەستی ئەوان. پێداگریمان کرد و وتمان (جیانابینەوە) و ڕووبەڕوویان بووینەوە و کەیسەکەمان بردەوە.

وەفا کیلانی: لە بەشی دووەمی یادەورییەکانت وتووتە" دوای دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان تۆ مێردەکەت" وابزنم مێردی دوومیانە، هەستای بە هەڵگرتنی کەتەرێك لە بەرامبەریدا، ژنێك لە مێردەکەی بدات یان هەوڵی لێدان بدات، ئەم جوڵەیە کوڕانییە. کەواتە بێگومان ئەو هەوڵی ئەوەی داوە، کە لێت بدات، بۆیە من پرسیارم کرد، تۆ هیچ ڕووبەڕووی لێدان بوویتەتەوە؟

نەوال سەعداوی: نا.. نەخێر، ئەوە لێدان نەبوو، ئەو دەیویست بە یاسا بیباتەوە، لەبەرئەوەی پیاوی یاسا بوو، پێی وتم، بڕۆ بۆ دادگە، ئەو نەیدەویست لێم جیابێتەوە و دەیویست بە دادگە بە سەرمدا سەرکەوێت، لەبەرئەوەی دادگە مافی جیابوونەوەم پێ نابەخشێت، لەو ڕۆژگارەدا ژن بیست ساڵ زیاتر دادنیشت، نەیدەتوانی جیابوونەوە وەرگرێت. منیش تەنگەتاو بووم، وتم تۆ بە یاسای ستەمکار ڕووبەڕووم دەبیتەوە، کەواتە منیش زانستی پزیشکی بەکار دەهێنم.

بەرامبەر مندا بەرز دەکردەوە، ئەوانە پێویستیان بە بەناوبانگ بوو. دەیانەوێت لە باریانەوە بدوێیت.

وەفا کیلانی: باشە من ناوی دەسڕمەوە، نامەوێت لە بارەیەوە قسە بکەم. من دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم..

نەوال سەعداوی: با لەبارەی دیاردەیەکەوە بدوێین. با ناو نەهێنێن.

وەفا کیلانی: باشە ڕێگەم پێ بدە، پرسیارێك بکەم. ئەم خاڵەم بۆ ڕوون بکەرەوە....

نەوال سەعداوی: ئەگەر ئێمە گفتوگۆ دەکەین.

وەفا کیلانی: تۆ لە سەر واژەی ئەو (هو) لە (سورەتی اخلاص)دا "قل هو الله الاحد" ناڕەزایەتی دەربڕی. تۆ ئایینەکانت خوێندوونەتەوە، هەموویانت خوێندوون تۆرات و ئینجیل و قورئان، هەروەها دەزانیت خوای گەورە لە قورئاندا دەڵێت "ئێمە خۆمان ئەمەمان داگرتووە و خۆمانیش پارێزگاری ئەوین ( انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون )" چۆن ئەمە بەسەرتا تێپەڕی کرد؟ چۆن بەسەرتدا تێپەڕی کرد و ناڕازی بووی بە واژەی ئەو (هو)*؟

نەوال سەعداوی: من لە بارەی زاراوە نادوێم من لە واژە نادوێم.

وەفا کیلانی: ئەی چی؟

نەوال سەعداوی: تەنانەت ئەو کاتەی ڕوو دەکەینە زمان. باشە



وەفا کیلانی: دەزانم، جوانی ناوەوەشی و جوانی بیر، بەڵام جوانی شێوەش هەروەها.

نەوال سەعداوی: ئەی شێوەی پیاو ، شێوەی پیاو ناشرین بێت؟ ئەمە پرسکەیە...

وەفا کیلانی: بەڵام مێیینە بۆ دەرخستنی مێیینبوونی خۆی، ڕێگەی زیاتری هەیە..

نەوال سەعداوی: پرسی نێربوون و مێبوون هەستی پێدەکرێت..

وەفا کیلانی: مێبوونت لە کوێیە؟
نەوال سەعداوی: واتە لە ناو هەزار پیاوادا من پیاوێك هەڵدەبژێرم، کە سمێڵی نییە، بەڵام لە سەرخۆیە و لە هەموویان زیاتر پیاوەتی تیدا بەدی دەکەم. لەوانشە هەزاران ژن ببێنم، کە خۆیان دەرخستووە و مکیاجیان کردووە، بەڵام هەست بە مێبوونیان ناکەم. بەپێچەوانەوە لەوانییە لە ژنێکی سادە و سروشتیدا ڕاستگۆیانە هەست بە مێبوونی بکەم، مێبوون ڕاستگۆییە و سروشتییە.

وەفا کیلانی: بەم ڕاستگۆییە بێت، پیاو مێیینەیە؟

نەوال سەعداوی: جیاوازی لە نێوان مێیینەبوون و پیاوبوونی ڕاستەقینە، پرسی هەستە، شێوە نییە، بەڵام ئێمە بەردەوام بایەخ بە شێوە دەدەین.

وەفا کیلانی: پرسی ( حسبە) کە بۆ جیاکردنەوەی تۆ و مێردەکەت

خۆ ئاسمان(السماوات) مێیه(مؤنث)ە خودا ڕووحه وا نییه و جەستەی نییه و بەگینا ( ڕوح) دەڵێن (هی)ە.

وەفا کیلانی: نا خوا وەك من شت نییه. ئێمه نازانین گیانه یان جەستەیه.

نەوال سەعداوی: نا، ئێمه. ڕۆدەچینه ناو واژە و کاتێك دێینه سەر واژە، واژەی زۆر هەن، که مێینەن و هیمان بۆ خوا و خواش گیانه. بەڵام گیان مێیه و دڵێیین (هی الروح) ئەو گیانه، به هەمان شێوە ئاییینه ئاسمانییەکان، ئاسمانەکان( ئاسمان) مێینەیه. بۆیه ئەگەر بێنه سەر مێ و نێر بوونی زمان تێکدەچین.

وەفا کیلانی: من تێك نەچووم.

نەوال سەعداوی: نا، تێکدەچین، بۆیه باشتر وایه، له واژە دەرچین بڕۆین بۆ ناوەڕۆك.

وەفا کیلانی: پێم بڵێ، بۆ له واژەکاندا وەستای.

نەوال سەعداوی: من نامەوێت له سەر واژە قسه بکەم.

وەفا کیلانی: بۆ له پرسی واژەدا ڕادەوەستی.

نەوال سەعداوی: نا من ناوەستم، تۆ ڕام دەگرێت.

وەفا کیلانی: نا من ئێستا پرسیاری ئەوەت لێدەکەم، پێشووتر لەسەر واژەی (هو) وەستای. هەروەها تۆ نارەزایەتیت له سەر



هەستم به بوونی نەکرد، بەخودا به دەگمەن نەبێت، من تەماشای ئاوێنه ناکەم"، واته هەندێك جار قژم دادەهێنم، پیاوەکەت له ماڵەوە پێویستی به مێ نییه؟

نەوال سەعداوی: مەبستت له مێ چییه؟ وشەی مێم خۆشم ناوێت.

وەفا کیلانی: کاتێك تۆ دەڵێیت بڕیاری له سێداردانم ئەنجام دا، له سەر جەستەم تەماشای ئاوێنه ناکەم، قژم داناهێنم ئەی مێ چییه؟

نەوال سەعداوی: ئەی نێر چییه؟ تێگەیشتنم بۆ نێربوون و مێبوون جیاوازە، نێر چییه؟ نێر ئەوەیه، سمێڵی هەبێت و ماسولکەی هەبێت و مێینەش قژی دابهێنێت، ئەی پیاو قژی داناهێنێت؟

وەفا کیلانی: بەڵێ، بەس مێینه، مێیینەیی خۆی دەردەخات.

نەوال سەعداوی: مێینەتی خۆی دەردەخات، واتای چییه، واته مەمك و جەستەی خۆی دەردەخات؟

وەفا کیلانی: نا، پێویستی ناکات؟

نەوال سەعداوی: ئەی چی دەردەخات؟

وەفا کیلانی: جوانییەکەی؟

نەوال سەعداوی: جوانی چی؟

مێردی سێهەمتە، ئەوەی لەناو ڕاستە؟ کێیە؟

نەوال سەعداوی: ئاها، ئەو کێیە، ئەو کەسایەتێکە، ناوی ناهێنم، لەبەرئەوەی لە بیری دەکەم، من باسی ( دکتور حلمی) دەکەم لەبەرئەوەەی باوکی کچەکەمە.

وەفا کیلانی: واتە لەگەڵ کەسێك هاوسەرگیریت کرد، شایەنی تۆ نەبوو؟

نەوال سەعداوی: نا، پرسکە ئەوە نییە، شایەنی نییە، کاتی خۆی وامدەزانی شایەنیەتی، بەڵام ناوی باوکی کچەکەم ( دکتۆرە منی حلمی) ناتوانم لە بیر بکەم و ناوی باوکی کوڕەکەم لە بیر ناکەم ( دکتۆر شریف حتاتە).

وەفا کیلانی: بەڵێ، ئەوەی تا ئێستاش هەر بەیەکەوەن، ئەی کەسایەتی دووەم کێیە؟

نەوال سەعداوی: کەسایەتی دووەم، لە بیرم دەرچووە.

وەفا کیلانی: ئەوە بەشێك بوو لە ژیانت؟

نەوال سەعداوی: ماوەیەکی کورت بوو، لە بیرم کرد، تەنانەت ناویم لە بیرچووە.

وەفا کیلانی: لە پەرتووکی( یادەوەرییەکانی دکتۆرێك)دا دەڵێیت " ڕێگەی ژیانی خۆمم بە دەستی خۆم وێنا کرد، ڕێگەی هۆشمەندی و بڕیاری لە سێدارەدانم لەسەر جەستەم ئەنجام دا و ئیتر



واژەی (هو) کرد.

نەوال سەعداوی: ئاخر تۆ لە ڕۆژنامەکانەوە و وەریاندەگریت، لە پەرتووکەکانەوە وەریان ناگریت.

وەفا کیلانی: من لە سەر زمانی خۆتەوە وەریدەگرم.
نەوال سەعداوی: تۆ ئەوە وەردەگریت، ئەوەی ڕۆژنامەکان نوسیوویانە.

وەفا کیلانی: ئەمە پرسێکە، کە لە دادگە بەرزکرابووەوە.

نەوال سەعداوی: بەڵێ یەکێك دێت پرسی (حسبە ) تۆمار دەکات و بە ئارەزووی خۆی شت دەڵێت، بۆیە دۆڕاندی، من هەموو ئەو سکاڵایانەی کە لەسەرم تۆمارکرابوون، بردوومنەتەوە.

وەفا کیلانی: واتە تۆ وات نەوتووە؟

نەوال سەعداوی: نا نەك من وام نەوتووە، جیاوازە، دەمەوێت جارێکی تر بڵێم، ڕێچکەی وتنەکە. واتە من ئێستاکە لەگەڵ تۆ دەدەوێم و دەڵێمگیان (روح) مێینەیە و ئاسمان مێینەیە، لەوانەیە خەڵك هەبێت بەس ئەمە ببات و بڵێن تەماشاب کەن، دکتۆرە نەوال سەعداوی ئەڵێت چی و چۆن دەبێت، گیان مێینە بێت، قسەکە وەردەگرن، بەڵام لە ڕێچکەی خۆیەوە نا.

وەفا کیلانی: کەواتە ئەگەر ئەو قسەیەت لە ڕێچکەی خۆیەوە دانا.
نەوال سەعداوی: من نامەوێت داینێم ، من بەتاڵ نیم ، من

دەمەوێت لە شتێکەوە قسەم لەگەڵ بکەیت، گرنگتر لە واژە بێت.

وەفا کیلانی: دکتۆرە نەوال سەعداوی لە سەردەمی ئەنوەر سادات، زیندانی کرای و بە دیاریکراوی ساڵی 1981 و لە ڕۆژی 6ی سیپتەمبەردا... وا نییە؟ کاتی " پاییزی توڕەبوون"...

نەوال سەعداوی: پاییزی توڕبوون، چییە؟
وەفا کیلانی: پاییزی توڕەبوون، ئەوەی خەڵك لە ڕێکەوتنامەی ئاشتی توڕەبوون..

نەوال سەعداوی: بەڵێ ڕێکەوتننامەی ساڵی 1981.

وەفا کیلانی: لەو کاتەدا لە کاتی زیندانیبونت ناخت پەیامی پێدای و ڕۆمانی _کەوتنی ئیمام_ (سقوط الایمام) ت نووسی، کە یەکەم بەشت نووسی تۆ زیندان بووی.

نەوال سەعداوی: بەڵێ

وەفا کیلانی: بەڵام دەگرێمەوە و گرێیدەدەمەوە بەو باسەی پێشتر، کاتێ پەرتووکەکەت دەرچوو، هەرای نایەوە و دنیا لەسەری هەڵچوو. چۆن کەوتنی ئیمام. لەوێدا وتت، مەبەستم لە ئیمام (سادات)ە. و مەبەستم پیاوانی ئایینی نەبوو.

نەوال سەعداوی: من وتم کاتێ پرسیان ئیمام کێیە، مەبەستت لە ئیمام کێیە، وتم کاتێ بەشی یەکەمم نووسی، لە زیندان سروشم لە کەسایەتی سادات وەرگرت. واتە جیاوازی هەیە لەوەی نووسەرێك یان ڕۆمان نووسێك کاتێك سروش لە کەسایەتییەکی



دەکەیتەوە؟

نەوال سەعداوی: ئەوانە شتی ڕووکەشن.

وەفا کیلانی: ئەی ئاگاداری ئەوە دەبیت، مافی جیابوونەوەت پارێزراو بێت یان بایەخی پێنادەی؟

نەوال سەعداوی: هەندێك کات دەڵێم، پرسی هاوسەرگیری سۆزی تێدایە، ناکرێت دانیشی لێی وردبێتەوە، هەرچەندە دەبێت ئاگاداری ئاکامەکانی بیت، دەکرێت ئەو کەسە ناپاکی بکات، لەوانەیە درۆ بکات یان هەر شتێکی دیکە، هەروا ژنان بە سروشتیان دەترسن، بەڵام من بە سروشتی خۆم ناترسم.

وەفا کیلانی: بە دڵت یان بە هۆشت هاوسەرگیری دەکەی؟

نەوال سەعداوی: بە هەردووکیان لە نێوان هۆش و هەستم هیچ دابڕانێك نییە، بەهرەداری لە چیدایە، لەوەیە کە جەستە و بوون و گیانت یەك بن.

وەفا کیلانی: کاتێك لەمەڕ (نەوال سەعداوی) شت دەخوێنینەوە، باسی مێردی یەکەمی تێدایە (دکتۆر حلمی) یان مێردی دووەمت (دکتور حتاتە)، بەڵام ناوی مێردی سێهەمت بزرە و نییە، بەس دوو ناو دەبینین، مێردی سێهەمت کوانێ؟

نەوال سەعداوی: دووەمە.

وەفا کیلانی: بەڵێ، مەبستم سێهەم بەڕیزکراوی ناڵێم، مە بەستم

وەفـا کیلانـی: کەواتە تـۆ لـەگەڵ ئەو گرێبەسـتەدایت، کە بەس پارێزگاری لە مافەکانی ژنان بکات؟

نەوال سەعداوی: مـن لەگەڵ ئەو گرێبەسـتەم، کە بە ویسـتی هەردووکیان ئەنجام بدرێت، بە شێوەیەك کە هاوسـەرگیری بکەن، بە ویستی خۆیان و هەر بە ویستی خۆیان جیا ببنەوە.

وەفـا کیلانـی: باشـە، تـۆ سێ جـار هاوسـەرگیرت کـردووە، لە هیـچ جارێکی هاوسەرگیریەکەتدا، ملکەچی ئەو پەڕاوە بووی؟

نەوال سەعداوی: ڕاسـتییەکەی کاتێـك بەو شـتانە هەڵدەسـتم، تۆزێك بـاوەڕم بە خەڵك دەبێت، بۆنموونە کاتێ پارەت بە قەرز دەدەمێ، داوای هیـچ بەڵگەنـامە نـاکەم، لەبەرئەوەی بـاوکم ئاوای نەکـردووە، جارێکیـان لە بـاوکمەوە وانەیەك فێربـووم، هاوسێیەکمان پارەی لێ قەرز کرد، بەڵگەیەکی بـۆ نووسـی، بـاوکم پەڕاوەکەی دڕاند و وتی، من باوەڕم بە خەڵك هەیە و حەز نـاکەم پەڕاوەیان لەسـەر بگرم. لەبەرئەوەی دەبێت بـاوەڕت هەبێت. من لە بـاوەڕەوە دەسـت پێـدەکەم و لە سـەرەتادا لای مـن مرۆڤ بێ تاوانە، تا ئەو کاتەی، کە تاوانی بەسەردا دەسەڵمێت.

وەفا کیلانی: کەواتە دڵت وات لێ دەکات، کە واژۆی ئەو پەڕاوانە بکەیت، وا دەڵێیت وا نییە؟

نەوال سەعداوی: دەڵێـم ئەوانە ڕووکەشـن، گرنـگ نـاوەڕۆکی پەیوەندییەکەیە.

وەفـا کیلانـی: بـۆ ملکەچـی دەبیـت، لە کاتێکـدا کە تـۆ ڕەتـی



مێژوویـی یـان سـەرۆکی وڵاتێـك وەردەگرێـت ، سـروش لەو کەسـایەتییە وەردەگرێـت و لە ڕۆمانەکەیـدا دایـدەنێت ،لەوانییە ڕۆمانەکە ( سادات) نەبێت، کە (سادات) نییە.

وەفا کیلانی: واتە ئەوە( سادات) نییە؟

نەوال سەعداوی: بێگومان، نەخێر.

وەفا کیلانی: واتە ئەوە سەرۆك بووە، بەڵام سادات نەبووە.
نەوال سەعداوی: نا، سەرۆکیش نەبوو.

وەفا کیلانی: هێمایە بۆ دەسەڵات؟

نەوال سەعداوی: نەخێـر، هێمـایە بـۆ تواندنەوە و ئاوێزانبـوونی دەسـەڵاتی ڕامیـاریی لە دەسـەڵاتی ئاسـمانی، چـۆن سـەرۆك کەسـایەتی خـوا لە خـۆی بەرجەسـتە دەکـات و ئاوا بە خەیاڵیـدا دێـت، کە ئەو سـەرداری زەمیـن و ئاسـمانە، ئەمەیە ئیمـام، وەك سـەردەمی فیرعەونەکـانی کۆن، جـاران فیـرعەون خـوا بـوو، هەر ئەویش سەردار بوو.

وەفـا کیلانـی: باشـە تـۆ لێرەدا بەم هێمـایە، هیمـات بـۆ پیـاوانی ئایینی کرد، کاتێك وتت ئیمام؟

نەوال سەعداوی. ناوی پیاوانی ئایینیم نەهێناوە.

وەفـا کیلانـی: وشـەی ئیمـام لە کۆمەڵگەی عەربیدا واتـای ئایینـی هەیە، هەندێك لە خەڵك دەڵێن نەوال سەعداوی لە سـەرۆکەکان

دەترسێت و دەستیان بۆ درێژ دەکات و بە هێما ئایینییەکان دەوێرێت و لە خوا ناترسێت، قسە لەگەڵ خوا دەکات.

نەوال سەعداوی: ئەوە کێیە، ئەو قسە پووچە دەکات؟

وەفا کیلانی: زۆر کەس، دکتۆرە.

نەوال سەعداوی: ڕێگەم بدە، خەڵك دەستی بەتاڵە، خەڵکانێك هەن، کاتیان زۆرە قسە بکەن و شت بڵێنەوە، من زۆر بە نوسێنەکانمەوە سەرقاڵم. من ڕەخنەی بنیاتنەرم دەوێت. کە لە بارەی کرۆکی باسەکەوە، نەك لە دەوروپشتی شت بڵێیت.
وەفا کیلانی: پرسیاری کۆتایی، پێش بچینە بڕگەی (لە دژ و لەگەڵ ) هیوام وایە بە دڵێکی فراوان وەریبگریت.

نەوال سەعداوی: من دڵم زۆر فراوانە و بە پێچەوانەوە من زۆر خۆم دەگەرم.

وەفا کیلانی : ڕۆژنامەی ئەلکترونی ئیلاف دەناسیت؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ، چییەتی؟

وەفا کیلانی: وتوویژێکی تۆم خوێندەوە، کە (ئەحمد عەدنان) لەگەڵتدا سازی داوە..

نەوال سەعداوی: نا، من ناچمە سەر نێت، تەماشای نێت ناکەم. بەس ئیمێڵ دەکەمەوە.
وەفا کیلانی: دەی باشە ئەمانەم بۆ ڕاست بکەرەوە، ئەم باسە



دەیەوێت، بۆ ئەو سەردەمە بگڕێتەوە، کە "دەڵێت خۆمم کرد بە هاوسەری تۆ" ( زوجتك نفسی). تۆ نابینیت، لە کاتێکدا کە تۆ بەرگریکارێکی پەیگیری مافەکانی ژنانی، کە ئەو بەڵگەنامەی لەگەڵ گەشەی سەردەمە و بە هەبوونی، بوونی ئەو بەڵگەنامەیە دانپێدانانە، دەتوانیت گەڕانەوەی زادەی منداڵ بۆ دایك بسەڵمێنێت و ئەوە مافەکانی لە سەر میرات و نەفەقە.. هتد. پارێزراوتر دەکات؟

نەوال سەعداوی: ئەوە لە سەر ئەو گرێبەستە(عقد) دەوەستێت، ئەوگرێبەستە هاوسەرگیریە، شێوەی چۆنە، ئەگەر ئەو گرێبەستەیە بە هاوسەرکەم ڕێگە دەدات، بە ئارەزەوی خۆی لێم جیابێتەوە، بە بڕیاری تاکڕەوانەی ئەو، من ڕێز بۆ ئەو گرێبەستە دانانێم و ئەنجامی نادەم، کەسانێك هەن، ئەو گرێبەستە لە بەشی (خانووبەرە) دەردەهێنن.

وەفا کیلانی: بەڵێ، کاتێك کەخەڵك لەگەڵ کەسانی بێگانە هاوسەرگیری دەکەن، لە بەشی (خانو بەرە) ئەو گرێبەستە دەکەن.

نەوال سەعداوی: کەسانێك هەن، کە هاوسەرگیری ئایینی ڕەت دەکەنەوە، لەبەرئەوەی لە یاسای هاوسەرگیریی (میسری)دا بۆ نموونە کەسانێك هەن، ڕەتی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی فرەژنی تێدایە، نەوەك پیاوەکەی ژنی بەسەردا بهێنێت، بۆیە ژن هەیە دەڵێت، من ئەم گرێبەستە بەشێوەیەکی دیکە دەکەم. ئەوەی گرنگە، ئایا گرێبەستی هاوسەرگیری، مافی ژن دەپارێزێت، وەك پیاوەکە ئەرك و بەرپرسیارەتی و مافەکانیان وەك یەك بن یا نا؟

لەسەر نەوال سەعداوی، دونیای سەر و بن کرد. لە (ئیلاف)دا لەگەڵ ئەحمەد عەدنان وتوویژێکت هەیە، کە تێیدا بانگهێشتگەرانی(الداعیین) نوێی وەك (عمر خالد ، خالد الجندی) بە ژنانی نابوتت ناوزەدکردوون.

نەوال سەعداوی: من وام وتووە؟!

وەفا کیلانی: بەڵێ.

نەوال سەعداوی: نا، ڕاست نییە ، ڕێگەم پێ بدە. یەکەم قسەی وەها لە دەمی من دەرناچێت من دەڵێم، ژنانی نابوت؟!

وەفا کیلانی: بەڵێ.

نەوال سەعداوی: ئەمە چییە! دەزانی ئەم ڕۆژنامەگەر و تەلەفزیۆنانە دەیانەوێت خەڵك بوروژێنن و من بەکار دێنن.

وەفا کیلانی: نا. نا، تۆ لێرە کەرسە نیت، تا ئێمە لێرە بەکارت بهێنین.

نەوال سەعداوی: ئەمە کەرەسەیە بۆ وروژاندن.

وەفا کیلانی: من تۆم بۆ وروژاندن نەهێناوە.
نەوال سەعداوی: ئەی ئەوە نییە.

وەفا کیلانی: من تۆم هێناوە، ڕای گشتیت وروژاندوە و بەهانەکەی بێنیتەوە.



مەسیحیان لە خاچ دا. پەیامبەرەکان ماڵویران بوون، وتەیەك هەیە، دەڵێت ( هیچ پەیامبەرێك لە نێو خەڵکی خۆیدا ڕێزی نییە) بێگومان....

وەفا کیلانی: پەیامبەر لە وڵاتی خۆی ڕێزی نییە. (بۆی ڕاست دەکاتەوە)

نەوال سەعداوی: ئەمە نرخێکە دەیدەیت، کاتێك کە لە دژی تەوژم دەوستیت و بۆچۆنی خۆت دەڵێیت و دەیدەیت.

وەفا کیلانی: تۆ لەم قسەیەت وریا بە، لەبەرئەوەی دەڵێن، نەوال سەعداوی خۆی لەگەڵ پێغەمبەرەکان یەکسان دەکاتەوە.

نەوال سەعداوی: دەی من چی بکەم لەگەڵیان. من نامەوێت پەیامبەر بم، نەخێر. من دەمەوێت خۆم بم. بەوپەڕی ئازادی دەربڕی ئاوەزی خۆم، بە هەموو ئازادییەك پەرتووکەکانم بنووسم. ڕەخنە لە هەر کەسایەتێك بگرم، بچوك بێت یان گەورە بێت. هەروا بۆچوونی خۆم بڵێم، ئەمە ئازادی منە.

وەفا کیلانی: خاڵێکی دیکەی دەستپێکردن. لەلایەن یەکێك لە مێردەکانتەوە تووشی لێدان یان هەوڵی لێدان بوویتەوە؟

نەوال سەعداوی: نەخێر، نابێت، ناتوانێت..ها ها.. ناتوانێت.

وەفا کیلانی: دژایەتی شتێك دەکەیت، کە باو و ناسراوە؟ کە چییە، ئەوەیش کە هاوسەرگیرییە بە گرێبەستێك (عقد)ێك ئەنجام دەدرێت. ئەوەی ئەمە دەبیستێت، دەڵێت نەوال سەعداوی

نەوال سەعداو ی: لەوەدا من بەرپرسیار نیم.

وەفا سەعداوی : چۆن ئەوە بە زمانی تۆوە قسەی کردووە. هەندێك شت هەیە، بە زمانی تۆ نوسراوە و لەسەر تۆ وەردەگیرێت.

نەوال سەعداوی: من چ پەیوەندییەکم پێوەی هەیە. من پەرتووکەکانم شایەتن، نەك وتووێژێك لە نێت.

وەفا کیلانی: باشە گرفت نییە، ئەوە پرسیارێك بوو، سەبارەت بە وتوێژێکت بوو لە نێتدا، بەڵام پێش ئەمە قسەیەکت هەبوو، خۆت بە زمانی خۆت، سەبارەت بە حەج و نوێژ و بنەماکانی ئیسلام وتت.

نەوال سەعداوی: نا.

وەفا کیلانی: دکتۆرە، من بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو.

نەوال سەعداوی: لە کوێدا؟

وەفا کیلانی: لە (الجزیرە).

نەوال سەعداوی: نا، تۆ هەندێك شتت وەرگرتوە و دواتر لێت دەرهێناوە.



وەفا کیلانی: باشە پێم بڵێ، کەی لە دژیت و کەی لەگەڵیت.

نەوال سەعداوی: لە بەرژەوندی میسر؟

وەفا کیلانی: لە بەرژەوەندی میسر و لە بەرژەوەندی فەلستین لەم ڕوانگەوە.

نەوال سەعداوی: لە بەرژوەندی میسر و فەلستین، بەڵێ.

وەفا کیلانی: نەوال سەعداوی، لە گفتوگۆیەکی گەرمدا لە دوای ئەم ناوبڕە لەگەڵمان بمێنن...

..........................................................................

وەفا کیلانی: بۆچونێك هەیە، دەڵێت هەموو ئەو بۆچوونانەی، کە نەوال سەعداوی پشتیان پێ دەبەستێت، لە ئیسرائیلییەکانەوە وەرگیراون، نەك هەر لە دوژمنێکی ئاساییەوە. شتگەلێك ئاخێنراوەتە ( مدسوس) ناو ئایینی ئیسلامی، شتگەلێك خراونەتە ( مدسوس) سەر پەیامبەری ئیسلام.

نەوال سەعداوی: دەزانی بڕوابوون بەخۆ. کاتێك بڕوات بەخۆت هەبوو، وەڵامی کەس مەدەرەوە، باوکم ئەم وانەییەی فێرکردم، فێری کردم، کە باوەڕم بە خۆم هەبێت. من باوەڕێکی زۆر پتەوم بەخۆم هەیە، لە ناخی خۆمدا بەوەی کە دەیڵێم، هەروا باوەڕم بەو شتانەی کە دەیانڵێم. ئەمانە هەموویانپشتگوێ دەخەم، ئەمانە هەموو قسە هەڵبەستراون، هەموویان قسەی هەڵبەستراون، کە ڕێگە لە ڕۆشنگەرەوەکان دەگیرێت. واتە پێشەواکان. پەیامبەری ئیسلام ئاوی پیسیان بە سەریدا کرد،

## برگەی (لە دژ و لەگەڵ)

وەفا کیلانی: دکتۆرە نەوال، تۆ لە دژی یان لەگەڵ قەدەغەکردنی خۆداپۆشین (حیجاب)ی لە فەرنسا؟

نەوال سەعداوی: من لەگەڵ قەدەغەکردنی (حیجاب)م لە هەموو وڵاتانی جیهان، تەنیا بەس لە فەرنسا، نا.

وەفا کیلانی: واتە لەگەڵیت. تۆ لە دژی یان لەگەڵ بۆچونەکانی (جمال البنا) بە ڕاییبوونی ژن بە پێشەوایی (ایمام)؟.

نەوال سەعداوی : ژن دەکرێت پێشنوێژ ( ایمامە) بێت، دەکرێت سەرۆکی وڵات بێت ، ژن دەبێت وەك پیاو هەموو پلەیەك بەدەست بهێنێت.

وەفا کیلانی: تۆ لە دژی یان لەگەڵ بە ئارزوومەندی یاری تۆپی پێی؟

نەوال سەعداوی: لە دژی ئەو حەزە تۆپانێییەم.

وەفا کیلانی: لە دژ یان لەگەڵ کردنەوەی ڕێگەی ( ڕەفەح)ی؟

نەوال سەعداوی: ئەمە گفتوگۆی دەوێت.

وەفا کیلانی: بۆچونتم پێ بڵێ، بە ئا یان نە یان بۆ ؟

نەوال سەعداوی: لەسەر ئەوە دەوستێت، لە بەرژەوەندی کێ؟



## برگەی (لە دژ و لەگەڵ)**

........................................................

** بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی خوێنەران، وەفا کیلانی لەم برگەیەدا بۆ هەر وەڵامێکی (**لەگەڵ**)، پلاستکێکی سپی دەخاتە لاوە و بۆ هەر وەڵامێکی( **لەدژ**)، پلاستیکێکی ڕەش دەخاتە لاوە، بۆ ئەوەی لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا بزانێت، کە ئەو کەسە چەند خاڵی ڕەش و سپی هەیە. دیارە ئەم پرۆگرامە بەم شێوە ڕێکخراوە. *(وەرگێڕی کوردی)*

........................................................

وەفا کیلانی: نەوال سەعداوی، ئایا لەگەڵ ئەو وتە بەناوبانگەدای، کە دەڵێت " ئەوەی دڵ ئەرخەوانی پیاو بێت، وەك ئەوە وایە، ئاو لە بێژنگدا هەڵبگرێت"، لە دژی یان لەگەڵیت؟

نەوال سەعداوی: دەتوانم بڵێم 60%ی پیاوان ئەمە بە سەریاندا گونجاوە.

وەفا کیلانی: کەواتە لەگەڵیت. تۆ لە دژ یان لەگەڵ ناوبانگی خانمی یەکەمی میسر( ژنی سەرۆککۆمار)یت؟

نەوال سەعداوی: نا، دژی ئەو ناوبانگەم.

وەفا کیلانی: دژ یان لەگەڵ سزای لە سێدارە دانیت؟

نەوال سەعداوی: لە دژی.

وەفا کیلانی: واتە لە دژیت؟

نەوال سەعداوی: ڕازی نابم.

وەفا کیلانی: تەنانەت ئەگەر مرۆڤ کوژیش بێت؟

نەوال سەعداوی: تەنانەت ئەگەر مرۆڤ کوژیش بێت، ناکوژرێتەوە. بەڵام دەگەرێین بۆ ئەو هۆیەی بۆ ئەو دەکوژێت و چارەسەر دەکرێت.

وەفا کیلانی: دژ یان لەگەڵ ڕاگەیاندنی بێباوەریت؟

نەوال سەعداوی: نا، بە پێی بارودۆخ.

وەفا کیلانی: واتە..

نەوال سەعداوی: هەموو کەسێك ئازادە.

وەفا کیلانی: واتە لەگەڵیت، هەموو کەسێك ئازادە؟

نەوال سەعداوی: نا. نا، دەستوور خۆی دەستوری میسری پێت دەڵێت ئازادی بیر و باوەڕ، واتە هەر کەس بۆچوونی خۆی بڵێت، هەر کەس خۆی بۆچوون و باوەڕی ، من لەگەڵ و لە دژی نیم، ئەمە مافێکی دەستوورییە.

وەفا کیلانی: واتە لەگەڵیت.

نەوال سەعداوی: نا.

وەفا کیلانی: سپی یان ڕەش؟



کێ و چی وا لە خوا دەکات، دەست لە کار بکێشێتەوە؟ خوا لە توانای هەیە، زمانت لە گۆ بخات، ئەگەر بیەوێت، ئەو ڕێگەت دەدات، کە هەڵی تەواوی خۆت وەرگریت، لە دوژمن کاری و شەڕکردن "ئێمە دوایان دەخەین تا پڕ بن لە خراپە کاری"، خوای گەورە لەسەر کردەوەکانی،پرسیاری لێناکرێت، بەڵام ئێمە پرسیارمان لێدەکرێت، ئێمە کۆیلەی خواین، ئەگەر پیتوایە تۆ موڵکی خودا نیت، ئایا دەتوانێت ڕێگە لە مردنی خۆت بگریت، ڕۆژێك لە ڕۆژان مەرگت بۆ دێت.

..............................................................

نەوال سەعداوی: بەڕاستی وتووێژێکی زۆر بەنرخ بوون.

وەفا کیلانی: تۆ ڕەتی دەکەیتەوە، وەڵامی شیخ ( یوسف بەدری) بدەیتەوە و هەر شتێکی تری لەم جۆرە.

نەوال سەعداوی: هەموو شتێ، پەیوەندی بەوەوە هەبێت، بەڵێ.

..............................................................



نەوال سەعداوی: ئەگەر من لەگەڵ یان لە دژ بم، واتە من دژی دەستوورم، نا، ئەوە مافێکی دەستوورییە، من لەگەڵ ئەم مافەم.

وەفا کیلانی: کەواتە لەگەڵ ئەو مافە دەستوورییەدایت؟

نەوال سەعداوی: بێگومان.

.......................................................





بڵێیت، ئەوە نەریتێکی بتپەرستانەیە.
پێت دەڵێم، ئەی نەوال سەعداوی.. ئەم جۆرە کردارە، ئایینە و ئایینە لە لای خواوە هاتووە، ئەی پرسیارت لە خوای خۆت کرد، بۆ چاوتی لە پێشەوەی سەرت دانەناوە؟
وتت منداڵ لە دایك دەبێت، دەکرێت بە ناوی دایکییەوە ناو بنرێت. تۆ ئەمەت دەوێ ناوی منداڵەکان بە دایکییانەوەبنێی، بۆ ئەوەی بەدڕەوشتی (زینا) بزر بێت، بۆ ئەوەی کچ چۆن بەدڕەوشتی دەکات با بیکات و هەر کەس چی دەکات با بیکات و دواتر ناوی کوڕ بە دایکییانەوە دەنێیت، بۆ ئەوەی کەس نەزانیت کێ باوکییەتی، بەم جۆرە کەس نازانیت ئەم منداڵە زۆڵە. لێرەوە زەدەکان پیس دەبن، بەڵام ئیسلام زەدەی پاکی دەوێت.
تۆ ئەی نەوال، ئەی سعداوی، وتت فرەژنی بەدڕەوشتییەکی یاساییە، ئای خوای گەورە. ئایا (سلێمان) بەدڕەوشت بوو، کاتێك هەزار کەنیزەی هەبووە و( داوود) یش وابوو؟ هەموو پێخەمبەرەکان وابوون؟
ئەی نەوال..ئەی سعداوی.. یەکێك کە ناوی (فرسكين) بوو، بوو بە ئیسلام و لێیانپرسی، بۆچی بووی بە ئیسلام؟ وتی، بە هۆی فرەژنییەوە. بەسەر سۆڕمانەوە پرسیاریان لێ کرد، لەبەر ئەمە وات کرد؟ وتی بەڵێ، هەریەك لە ئێمە یەك ژنی فەرمیمان هەبوو، بەڵام بە حەرامی هەزار ژنی ئاشقمان هەبوون، بەڵام ئیسلام ڕێگەی پێداوین کە بە جۆرێکی حەڵاڵ کراو و بە گرێبەستێکی حەلال، ئارەزوەکانمان تێر بکەین.
هەروەها تۆ وتت، کە (خوا لە کۆنگرەی لوتکە دەست لە کار دەکێشێتەوە)، تۆ چی خوایەکت هەیە، ئەی نەوال، ئەی سعداوی، چی خوایەکت هەیە، تۆ پێتوایە خوا دەست لە کار دەکێشێتەوە،

وەفا کیلانی: نەوال سەعداوی و ئەم گفتوگۆیە چڕوپڕە و وردودرشتە..... ئەوەی نازانم لە سەر کامیان ڕازی دەبێت و ڕاوەستێت و کامیان ڕەتدەکاتەوە و لە سەری دەوەستێت..... دواى ئەم ناوبڕە (ڕیکلامە) دەگرێمەوە لاتان لەگەڵمان بمێننەوە.

........................................................

وەفا کیلانی: دکتۆرە نەوال سەعداوی، وەك سەرەتای دەستپێکردنەوە (داوای لێبوردن) دەتوانی بە زمانی خۆت بڵێیت، داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەو وتەیەی " داپۆشینی (حیجابکردن)ی ژن بەناوی ئیسلام،لەگەڵ ڕووتبوونەوەی ژن بەناوی بازرگاییەوە، هاوتەریبە؟

نەوال سەعداوی: خۆڕووتکردنەوە و خۆ داپۆشین، بە تەواوەتی دوو ڕووی یەك دراون، ئەو ژنەی کە خۆی ڕووت دەکاتەوە، واتە دەڵێت من بیر لە سێکس دەکەمەوە و ئەو ژنەی خۆی بپۆشێت واتە بیر لە سێکس دەکاتەوە.

وەفا کیلانی: واتە تۆ ژنانی خۆداپۆش بە لەشفرۆش یەکسان دەکەیتەوە؟
نەوال سەعداوی: نا، تۆ بۆ خۆت شتی وای لێ دەرئەنجام دەکەی، من دەڵێم بیرۆکەی ڕووتبوونەوە، سیستمێکی ڕامیارییە. ژن قوربانییە، ئەو ژنەی خۆی ڕووتدەکاتەوە و ئەو ژنەی خۆی دادەپۆشێت، قوربانی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری- چینایەتی- باوکسالاری-نێرینەن. کە یا ئەوەتا ڕووتی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە بازاڕدا بازرگانی پێوە بکات، یا دادەیپۆشێت و لە ئاییندا بە هەمان شێوە بازرگانی پێوە دەکات.



وتەی تۆمارکراوی (شیخ یوسف البدراوی)...
" بەناوی خوای گەورەوە. دکتۆرە نەوال سەعداوی، هێرشێکی بەردەوامی توند دەکاتە سەر ئیسلام و دواین شت، کە وتویەتی.. پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەری بێت) نە دادپەروەرە و نە پێشەوایە و مادام ئەو داوای لێبوردن دەکات، کەواتە ئەو خاوەنی هەڵەیە، لێرەوە ناگونجێت، بەوەی ببێت بە پێشەوا یان بەنموونە. هەروەها دەڵێت پێغەمبەر یەکێك لە ژنەکانی دەبات بۆ ماڵی عائیشە و کە عائشە لە ناوجێ دەیانبینێت، بەم جۆرە پێیدەڵێت، ئایا لەناو جێی مندا؟ !...... ئەویش پێیدەلێت، داوای لێبوردن دەکەم، ئەمە دووبارە ناکەمەوە. لێرەوە ئەمەی هەڵانجاندوە، کە پێغەمبەر ناتوانریت وەك پێشەوا دابنرێت. منیش دەڵێم، تۆ وتت ئەم قسەیە لە( دەسچنە گەورەکان)ی (کۆڕی سەعد )ەوە، یەکەم پەرتووك لەمێژووی موسوڵمانان. من هەموو پەرتووکەکەم ئەم دیو و ئەو دیو کرد، بە هەر هەشت بەشەکەیەوە و بەشی نۆیەمی هاوپێچکراویم بینی، ئەم قسەیەم نەبینی ، بەهیچ شێوەیەك.
پێت دەڵێم، هەموو گومڕایەك بەخشراوە و ئەو یەکەم کەس نییە، کە بەخشراوە. بەڵکو هەموو پێغەمبەرکان بەخشراون و ئەگەر پەیامبەران بەخشراو نەبن، ئیتر چۆن دەتوانن، پەیامەکە بگەێنن، چۆن بڕوایان پێ بکەین؟ خوا دەفەرمێت " ئەوە ڕابگەیێنە، کە خوا پێتی ڕاگەیاندووە. ئەگەر ئەمەت نەگەیاند، پەیامەکەت ناگات و خوای گەورە لە خەڵك دەتبەخشێت. کەواتە ئەو بخشراوە، بۆیە ناکرێت، پێغەمبەر ناکەوێتە هەڵەی لەم جۆرە. تۆ وتت حەج نەریتێکی بتپەرستانەیە، چۆن بە دەوری قیبلە خول بدەم، دواتر ماچی بەردە ڕەشەکە بکەم، چۆن دەتوانی

وەفا كيلانی: ئەی ئەوەی بە ئارەزووی خۆی خۆی دادەپۆشێت یان بە ئارەزووی خۆی و بە بڕیاری خۆی، خۆی ڕووت دەكاتەوە؟

نەوال سەعداوی: منداڵان بە بڕیاری خۆیان خۆیان دەپۆشن؟

وەفا كيلانی: با واز لە منداڵ بێنین.

نەوال سەعداوی: كەس بە بڕیاری خۆی مكیاج دەكات؟

وەفا كيلانی: بەڵێ.

نەوال سەعداوی: نەخێر، ئێمە هەموومان لە ژێر فشارداین.

وەفا كيلانی: بە بڕیاری كێ؟

نەوال سەعداوی: ژن بەپێی ئارەزووی كۆمەڵگەیەكی چینایەتی - بازرگانی-سەرمایەداری میكیاج دەكات، ئەوەی مرۆڤ دەكاتە كاڵا، یان ئامرازێك بۆ سێكس یان ئامرازێك بۆ ورژاندن، ئیتر ژن یان مكیاج دەكات یان نەشترگەرییەكی جوانكاری دەكات، بۆ ئەوەی منداڵ دەركەوێت و پیاوان تەماشای بكەن، یان ئەوەتا خۆی دەپۆشێت، لەبەرئەوەی وا دەزانێت، كە هەموو پیاوێك گورگئاسا وەكو ئەمرازی سێكسكردن تەماشای دەكات. بەڵام كاتێك ئاسایی دەبێت و وەكو مرۆڤێك تەماشای خۆی دەكات، كە خاوەنی ئاوەزە و بیر دەكاتەوە، كە ئەو (ژن) بەس تەنیا لەشێك نییە و تەواو.

وەفا كيلانی: دكتۆرە، تۆ لە گەنجێتی خۆت دادەپۆشت؟



وەفا كيلانی: باشە لێیدەدەم، تۆ هیچ مەڵێ..

نەوال سەعداوی: نەخێر. تۆ دەتەوێت بە زۆر خەڵك گوێ بگرێت؟

وەفا كيلانی: باشە، من لێیدەدەم، بەڵام تۆ گوێ مەگرە.

" ئەمە ئەو قسە تۆمركراوەیە، كە بە زۆر بەسەر بەڕێز (دكتۆرە نەوال سەعداوی)دا سەپێندرا و تا تەواوبوونی قسەی ئەو كەسە، ئەم هەر ناڕەزایی دەردەبڕێت "



نەوال سەعداوی: من خۆم داپۆشتووە؟!!

وەفا کیلانی: بەڵێ.

نەوال سەعداوی: تۆ لەم چیرۆکەبەگومان نیت؟

وەفا کیلانی: نا، لەبەرئەوەی خوێندومەتەوە، پێتدەڵێم لە کوێ خوێندومەتەوە.

نەوال سەعداوی: لە پەرتووکەکانی خۆمدا، خوێندوتەتەوە؟

وەفا کیلانی: نا.

نەوال سەعداوی: دەی باشە، واز بێنە.

وەفا کیلانی: لە پەرتووکێکی دکتۆر مەحمود جامع (محمود الجامع)دا خوێندومەتەوە. ئەو کۆنە ئیخوانە و خاوەنی دوو پەرتووکی بەناونیشانی ( ساداتم ناسی، ئیخوانم ناسی). خەڵك دەڵێت..دەبێت بەرژەوەندی کۆنە ئیخوانێك، پیاوێکی ئاوا و دکتۆرێکی بەڕێز چی بێت، تا درۆ بکات؟

نەوال سەعداوی: کەواتە ئەو بابەتەم بخوێنەوە، کە تێدا دەروونی ئەوانە شیدەکەمەوە و کەسایەتی ئەوانەی قسەڵۆکە لە بەرامبەر بە خەڵکدا دروست دەکەن، ڕوون دەکەمەوە.

وەفا کیلانی: بۆ قسەڵۆکەت بۆ دەکات، بەرژەوەندی لەوەدا چییە؟



نەوال سەعداوی: نا. نا، کەسانێکم بۆ بهێنە کە لە ئاستی مندا بن، نووسەر و ڕۆماننووسێکم بۆ بهێنە.. نووسەرێکی خاوەن هزرم بۆ بهێنە.

وەفا کیلانی: بۆت دەهێنم، بەڵام ئەمە پیاوی ئایینییە.

نەوال سەعداوی: نەخێر، هەموو پیاوێکی ئایینی نا.

وەفا کیلانی: دەبێتە بێڕێزی بۆ من، ئەو وتەی تۆمارکراوە، ویستبووی ڕووبەڕووی تۆی بکاتەوە.. تۆ دەتوانیت هیچ سەرنجێکی لەسەر نەدەیت.

نەوال سەعداوی: ئەرێ، بەس من نامەوێت، گوێ لە هیچ شتێك، کە پەیوەندی بەو شێخەوە هەبێت، بگرم. هەرگیز. بۆ، لەبەرئەوەی من ئازادم، هەروەها من ئازادم، گوێ نەگرم..

وەفا کیلانی: ئەویش ئازادە قسە بکات و تۆ وەڵامی نەدەیتەوە..

نەوال سەعداوی: نەخێر، من نامەوێت..

وەفا کیلانی: بەڵام، ئەمە بیرۆکراتییە..

نەوال سەعداوی: نا، من نامەوێت ئەو کەسانەی بە هۆی منەوە ناوبانگ پەیدا دەکەن و لەپێناو ئەوەی بە ناوبانگ بن، داواکاریم لەسەر تۆمار دەکەن. کەسانێکم بۆ بهێنە پەرتووك دەردەکەن، کەسانێکی خاوەن هزر. نەك کەسانێك، کە قسەڵۆکەم بۆ دروست دەکەن.

نەوال سەعداوی: بە هۆی گرفتی دەروونییەوە، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە. من شتێکت پێ بڵێم، ئەگەر کەسێك قسەڵۆکەی بۆ هەڵبەستیت، ئەوە گرفتێکی دەروونی هەیە، بۆ ئەوەی بە سەرتا زاڵبێت، شتێك هەیە، بێداری دەکات. من هەرگیز ناوی ئەم جۆرە کەسانە ناهێنم، بە هیچ شێوەیەك، هەرگیز. هەرگیز.

وەفا کیلانی : ئەو لەگەڵ تۆدا گرفتی چی هەیە، تا پێت بڵێت، کە تۆ خۆت داپۆشتووە (حیجابت کردووە)؟

نەوال سەعداوی: نا، تۆ ئەو بابەتەم بخوێنەوە. نا، من نامەوێت بدوێم، من بابەتێکم هەیە، ڕۆژی سێ شەممە بڵاودەکرێتەوە.

وەفا کیلانی: سێشەممەی داهاتوو؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ، سێشەممەی داهاتوو لە ( مسری ئەمڕۆکە- مصر الیوم)دا بەناونیشانی( شیکردنەوەی ئەدبی بۆ باری دەروونی)، باسی ئەوانە دەکەم، هەموو ئەوانەی قسەڵۆکەیان بۆ هەڵبەستووم. ئەوە گرفتێکی دەروونییە.

وەفا کیلانی: "پەڕاوەکانی ژیانم" ، بیروەرییەکانی ژیانتن، بە هەرسێ بەشەکانییەوە، کە چەندیین بڕگەی تێدایە، بە هەمان شێوە مایەی مشتومڕن و هەروەها وەکو جاران هەندێك کەس بە هێرشکردنە سەر ئایین، ناوزەدی دەکەن، لە بەشی سێیەمدا دەڵێیت "با شالیاریی تەندروستی بڕوات بۆ دۆزەخ، ناشمەوێت تێدا بمێنمەوە، ئەوەی من دەمەوێت، بە تەنیا مشتومڕکردنە لەگەڵ خود،ا وەك چۆن گەورەمان ئەیوب کردی، هەروا منیش



باوکتەوە بۆماوە بووە، تەواو تۆ ئازادیت، دەیپەرستی و لە ماڵەوە بڕاوات بە ئیسلامە، بەڵام بەسەر خەڵکدا مەیسەپێنە. پێویستە دەستوور و یاساکان سڤیلی بن.

وەفا کیلانی: لە ئایینەوە هەڵهێنجراو بن؟

نەوال سەعداوی: نەخێر، دەبێت سڤیلی بن.

وەفا کیلانی: بێگومان تۆ بڕوات بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە و ڕادەبڕین یەکێکە لە تایبەتمەندییە شارستانی و سڤیلییەکان. وتەیەکی تۆمارکراوی بەرێز (شێخ یوسف البدری) هەیە، دەیەوێت ڕووبەڕووی تۆی بکاتەوە و لەو بارییەوە وەڵامت ببیستێتەوە. ڕێگەمان دەدەی؟

نەوال سەعداوی: لەم بەرنامەیەدا؟

وەفا کیلانی: بەڵێ.

نەوال سەعداوی: نەخێر، من نامەوێت لەگەڵ (یوسف البدری) بدوێم.

وەفا کیلانی: نا، تۆ لەگەڵی نادوێیت..

نەوال سەعداوی: نامەوێت.

وەفا کیلانی: دکتۆرە، ئازادی ڕادەربڕین. قسەکانت لەگەڵ کارەکانت ناکۆکن.

هێندەی خۆڕاگریم هەیە، هێندەی خۆڕاگریی ئەو و زیاتریش"..

نەوال سەعداوی: بەڕاستی قسەیەکی جوانە..

وەفا کیلانی: بەڵێ، جوانە. بە هەمان شێوە لە وتووێژێکدا لەگەڵ هاوڕێیەکی مەسیحیتدا، کە پرسیارێکی ئاراستە کردووی؛ "دکتۆرە نەوال، بڕوات بە خوا هەیە؟" تۆش لە وەڵامدا وتوتە "هەر لە منداڵییەوە ئەم پرسیارە لەسەرم دێت و دەچێت، دەترسم بڵێم بڕوام هەیە و ئەگەر وتم بڕوام هەیە، دەترسم ڕاستگۆ نەبم.

نەوال سەعداوی: جوانە، بەڕاستی ئەم قسەیە من وتومە زۆر باشە، کە لە پەرتووکەکەی من هێناوتە، لێرەدا دەتوانین گفتوگۆ بکەین.

وەفا کیلانی: باشە ، پێم بڵێ باوەڕبوون، واتای بڕوابوونە بە دڵ و دەربڕینە بە زمان؟

نەوال سەعداوی: جارێکی دی گەڕایتەوە بۆ باوەڕبوون.

وەفا کیلانی: بەس لێرەدا، تۆ ناوی باوەڕبوونت هێناوە.
نەوال سەعداوی: بەڵێ، بەڵام دەبێتە هەموو بابەتی ئەم دوو کاتژێرەی ئێستامان.

وەفا کیلانی: باشە، ئەمە دوا پرسیارمە، کە لە سەر باوەڕ بێت. ئەوەی باوەڕبوون، بە دڵ و بە گفت و بە زمان و کا رکردنە بە بنەماکانی ئیسلام، کاتێك کەسێك هەندێك لە بۆچوونەکانت و پەرتووکەکانت و بابەتەکانت دەخوێنێتەوە، بۆ دەڵێت



نەوال سەعداوی: بەڵێ، دەترسین یان بە بیرماندا نایێت.

وەفا کیلانی: واتە یان دەترسین یان کەم هۆشیارییە.

نەوال سەعداوی: بەڵێ، یان کەم هۆشیارییە یان ترسە یان ڕانەهاتنە لەسەر ڕەخنە، لەبەرئەوەی لەسەر بیری ڕەخنەگرانە پەروەردە نەکراوین. ئێمە لە قوتابخانەکان فێری گوێڕایەڵی دەبین، نەك ڕەخنەگرتن.

وەفا کیلانی: دواین پرسیارم [ پێش ئەوەی بچینە ناو بڕێکی ڕێکلامی]، بۆ دەسەڵاتی ئایینی ڕەتکردنەوەی تەواوت ڕاگەیاند و داواکاری جیایی ئایین لە دەسەڵاتیت، وتت دەبێت خوا لە ڕامیاری دوور بخینەوە..

نەوال سەعداوی: نا، وتم ئایین و ئایینەکان هەموویان؛ یەهودی مەسیحی و ئیسلامیش.

وەفا کیلانی: بەڵێ، ئایینەکان هیچت دیاری نەکردووە، وتت دەبێت خوا لە ڕامیاری دوور بخرێتەوە، لەبەرئەوەی ناتوانم مشتومڕ و دژایەتی لەگەڵ خودا بکەم. لە پەرتووکەکانتدا مشتومڕی لەگەڵ دەکەیت و دژایەتیشی دەکەی، ئەمە شتێکی لە دژواری تێدایە؟

نەوال سەعداوی: نا، تەماشاکە، من دەمەوێت بڵێم، چی کاتێك دەڵێم، جیای ئایین لە دەسەڵات، واتە دەبێت دەستوور سڤیلی (مدنی) بێت، هەموو یاساکان سڤیلی بن، لەگەڵێشدا یاسای باری کەسێتی. هەروا ئایین مافێکی تایبەت بە خۆتە، تۆ ئیسلامت لە

بۆچوونەکانی نیشانەی ئەوەی تێدا نییە کە باوەڕدارە؟

نەوال سەعداوی: باشە، چی ئێوەی بێدارکردووە، باشە، ئێمە بە ملیۆنان کەسی باوەڕدارمان هەیە، کاتێك نووسەرێك تەنیا گوومانی هەیە. ئەوە پەنجا ساڵ تێپەڕیوە، کەسێك لە پەرتووکێکدا نووسیبووی، بۆ من بێ باوەڕم؟ خەڵکیش گفتوگۆییان لەگەڵ کرد، کەس هێرشی نەکردە سەری، کەسیش لەسەر لیستی مردووەکان ڕێزی نەکرد. لە خەڵك گەڕێن با بنووسێت، بە مشتومڕ نەبێت، زانست بەرهەم نایێت، تۆ دەڵێیت ئەم قسانە بێنەوبەردە دەوروژێنێت، جوانترین شت مشتومڕە، ئەوە مشتومڕە، کە زانست و پێشکەوتن بەرهەم دەهێنێت. ئەم قسەی من نووسیومە، گومان دەوروژێنێت، کە پێویستە. باوەڕ نییە، بەبێ گوومان، دەبێت گومان هەبێت، پرسیار هەبێت.

وەفا کیلانی: باشە، گومان بەس لە ڕێچکەی گەڕانەوە یان..؟

نەوال سەعداوی: گومان تا ئەو شوێنەی بیرکردنەوە پەلکێشت دەکات، ئیتر بۆ دەستبەسەراگرتن دەکەی، بیرکەرەوە گوومان بکە و مشتومڕ بکە.
وەفا کیلانی: دکتورە، دەزانی بۆ، خەڵك دەڵێن چۆن دەبێت لەگەڵ خوای خۆمان مشتومڕ بکەین، چۆن دەبێت مشتومڕ لە ئاییندا بکەین.

نەوال سەعداوی: بەڵێ مشتومڕ بکە.

وەفا کیلانی: نا، ئەوە لە تابۆکراوەکانە، ئەوە وەکو تابۆکراو



وەفا کیلانی: بێگومان ڕازی نابن.

نەوال سەعداوی: بینیت، باشە بۆ؟

وەفا کیلانی: باشە، بۆ ناوی خۆت نا، کچی خوا؟

نەوال سەعداوی : بۆ، ناوی خۆم چی دەنێم، من ئازادم، بۆ ئەوە نەنگییە؟

وەفا کیلانی: نا، بەگشتی لەلای مەسیحییەکان دەربڕینێك هەیە، دەڵێن هەموومان منداڵی خوداین.

نەوال سەعداوی: تۆ دەزانی ئەو منداڵانەی، کە (زۆڵ/بێژی)ن پێیان دەڵێن منداڵانی خودا، لە بەرئەوە منداڵی دانپێدانراو/ڕەوا (شەرعی) نین.

وەفا کیلانی: بەس تۆ دەڵێیت خوا دروستکەرمانە، من کچی ئەوم، لەوە زیاتر نییە.

نەوال سەعداوی: نا، من دەمەوێت بڵێم، خەڵك با مێشکیان بکەنەوە و بیرکەنەوە، ئەگەر خوا کوڕی هەبێت، ئەدی بۆ کچی نەبێت، خەڵك با بیر بکاتەوە، ئێمە هەندێك پرسیار هەن، بە هیچ جۆرێك نایانکەین.

وەفا کیلانی: بۆ پرسیار ناکەین، واتە دەترسین پرسیارەکە بکەین؟

تەماشا دەکرێت.

نەوال سەعداوی: تۆ دەزانیت ئەم دیکۆرەی تۆ سازت داوە، تۆ دەزانیت کۆمۆمپیتەر و تەلەفزیۆنەکەت هەمووی چییە، هەمووی بە هۆی مشتومڕ(الجدل)ەوەیە لەگەڵ ئاییندا، ئەگەر زاناکانی ئەوروپا لە تیئۆری گەردونیی ئایینی مشتومڕیان نەکردایە، کە دەڵێت: گەردوون لە شەش ڕۆژدا دروست کراوە و لە ڕۆژی حەوتەمدا خوا پشووی دا. ئەوان ڕەخنەیان گرت لەم تێۆرە و زانستێکی نوێیان بۆ گردوون هێنایە ئاراوە، کە گەردوون تەمەنی شەش ڕۆژ نییە، بەڵکو تەمەنی بە ملیۆنان ساڵە و زانستیان گۆڕی و لەبەرئەوە تەلەفزیۆن هات و کۆمپیتەر هات و هەموو ئەو شتانەی ئێمە چێژیان لێ وەردەگرین، مایکرفۆن و ئەو کارەبایە هات، بە هۆی مشتومڕکردنەوە لەگەڵ ئایین...

وەفا کیلانی: باشە، گومانت کرد..

نەوال سەعداوی: هەموویان گومانیان کرد..

وەفا کیلانی: باشە، ئەو گومانەی تۆ تێیدا دەژیت، کە دەرئەنجامی خوێندنەوەی زۆر و زانستێکی فراوان بوو، هەموو ئەمانە تۆیان گەیاندۆتە کوێ لە کۆتایدا؟

نەوال سەعداوی: من هێشتا، من لە ڕێچکەی گەڕاندام.

وەفا کیلانی: هێشتا دەگەڕێیت؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ ، ئێوە بۆ کۆتایتان دەوێت؟ من هەر لە



کۆبونەوەی لوتکەدا پێشکەش دەکات) ناوی خۆت نا، کچی خوا. یەکەم دەمەوێت بزانم، بۆ ناوی خۆت ناوە، کچی خوا؟ هەروا دەمەوێت هەستی خۆمت بۆ بگوازمەوە، واتە تۆ ماف بە خۆت دەدەیت، ڕەخنە لە سێ ئایین بگریت، وەك ئەوەی خۆت لە ئاستی پێخەمبەرەکان دابنێیت یان وەك ئەوەی موژدەی ئایینێکی نوێ یان پەیامێکی تازە بدەی؟

نەوال سەعداوی: نا، ڕاست نییە، من کۆشش دەکەم بە هزر ئازاد بم، دە ساڵ هەر سێ ئایینەکەم خوێندوونەتەوە، کە تێیایاندا لەیەکچوون و جیاوازی زۆر سادەیان هەیە، نەك هەر ئەوە لەیەکچونەکان زۆر گەورەن. شانۆگەرییەکم لەم سەرچاوەوە نووسی و کاتێك کە دەڵێم کچی خوا...

وەفا کیلانی: بۆ؟

نەوال سەعداوی: باشە، ئەوە مەسیحییەکان بە مەسیح دەڵێن کوڕی خوا، بۆ کەس شەڕیان لەگەڵ ناکات؟

وەفا کیلانی: نا، موسوڵمانەکان شەڕ دەکەن.

نەوال سەعداوی: لەسەر کوڕی خوا، ڕازی نین.

وەفا کیلانی:بە بێ گومان.

نەوال سەعداوی: دەی باشە، ئەگەر من وتم کچی خوا، مەسیحییەکان ڕازی دەبن؟

ڕێچکەی پیشکنیندام..

وەفا کیلانی: هەموو شتێك کۆتایی هەیە.
نەوال سەعداوی: نا، هەموو شتێك کۆتایی نییە.

وەفا کیلانی: هەندێك شت هەن، کە کۆتاییان نییە. باوەڕ کۆتایی نییە.

نەوال سەعداوی: پشکنینی زانستی کۆتایی نییە، لەبەرئەوەی پرسیاردەکەین، پرسیار لە دوای پرسیار، دیسانەوە پرسیار. ئەمە گرنگە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت دەست بەسەر ئەنجامدا بگرین، نا، دەرئەجام کراوەیە..

وەفا کیلانی: باشە، تۆ لاپەڕەکانی ژیانت بە کراوەی جێهێشتن؟

نەوال سەعداوی: بەڵێ.

وەفا کیلانی: ئەورۆکە لە نێوان خۆت و ناختدا دایدەخەیت؟

نەوال سەعداوی: نەخێر.

وەفا کیلانی: هێشتاکە تاکو ئێستا دەترسیت، بڵێیت باوەڕدەکەم و باوەڕناکەم نەوەك ڕاستگۆ نەبیت؟

نەوال سەعداوی: نەخێر، من ترسم لە وتنی بۆچوونی خۆم نییە و ڕای خۆم دەڵێم. ئەی خەڵك بۆ بە بێباوەڕم دەزانیت، لەبەرئەوەی بۆچوونی خۆم ڕادەگەێنم. بەڵام ئەوان دەترسن، لەوەی بۆچوونی



وەفا کیلانی: باشە دکتۆرە، من دەمەوێت لەگەڵتدا بە شوێنێك بگەم. تەوفیق حەکیم، کاتێك پەرتووکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ خودا)ی نووسی، هەموو دنیا ڕاچڵەکی و شیخ متولی شعراوی، هەرا و زانای دونیای نایەوە، بۆیە ئەو ناچار بوو، کە ناونیشانی پەرتووکەکەی بگۆڕێت. تۆ کاتێك شانۆگەرییەکت پێشکەش کرد، (خوا لە کۆبونەوی لوتکەدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش دەکات)، تۆ لێرەدا ناوی خوات خزانە ناو ناونیشانەکەوە و لە ناوەڕۆك هەر مەپرسە، لە ناوەڕۆکدا وەك هەموو ناوەڕۆکێك نەبوو، بەڵکو گفتوگۆیەکی گەرمی تێدا بوو، دواتر دێمە سەری. ئێستاکە دەتەوێت بە چی بگەی، کاتێك ناوی خوا دەخزێنیتە ناو ناونیشان و ناوەڕۆك؟

نەوال سەعداوی: دەمەوێت خەڵك ئیتر بیر بکاتەوە نەترسێت و بازرگانی بە ئایینەکانەوە نەکات و بیر بکاتەوە و خاوەنی ئازادی بیرکردنەوە بێت، خاوەنی ئازادی بیر و باوەڕ بێت. ئیتر بژین و نەبین بە مێگەل. هەموو کەسێك بە تاکایەتی خۆی بیر بکاتەوە و بە ئازادییەوە وڵاتمان پشتڕاست بکەینەوە. وڵاتمان داگیرکراوە، ئێمە بە هۆی ئەم پرۆسەی نەزانکردنەمانەوە داگیر کراوین، بۆیە ئێمە لە دوای هەموو وڵاتانەوەین.
وەفا کیلانی: واتە ئێستا ئێمە لە ڕووی هزریەوە داگیرکراوین؟

نەوال سەعداوی: لە ڕووی ئابووری و هزر و ڕاگەیاندنەوە دەستبەسەر کراوین، لە ئێستا ڕاگەیاندنی عەرەبی وابەستەی ڕاگەیاندنی ئەمریکیە.

وەفا کیلانی: دکتۆرە، لە (خوا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە

خۆیان بڵێین. تۆ دەزانیت، من خەڵکێکی زۆرم لەگەڵدایە، دەڵێین ئێمە لەگەڵتداین، بەڵام ناتوانین لە تەلەفزیۆندا ئەوە ڕابگەێنین..

وەفا کیلانی: دەترسین، قسە بکەین؟
نەوال سەعداوی: بەڵێ، دەترسن قسە بکەن.. دەترسن بۆ..

وەفا کیلانی: بەس تۆ ئەوا لە دۆشداماندایت (حیرە).

نەوال سەعداوی: بۆ؟

وەفا کیلانی: لەبەرئەوەی تۆ هێشتا لە ڕێچکەی گەڕاندای هێشتا نەت توانیوە..

نەوال سەعداوی: من دۆشدانەماوم، ها ها.. من دۆشداماو نیم، گەڕانی زانستی زۆر جوانە، خۆشە. داهێنان، پرسیارە کراوەکانن، واتای چییە داهێنان؟ داهێنان لە سەر دوو شت ڕاوەستاوە؛ ئاوەزێکی ڕەخنەگر و ئازادی بیرکردنەوەی بێکۆتایی، واتە هیچ سەرپۆشێك لە سەر مێشکت نییە، بیر لە هەر شتێك بکەیتەوە و توانات هەبێت ڕەخنە بگریت، ڕەخنە لە سەرۆکی وڵاتەکەت بگریت، بەڵێ، ڕەخنەی لێ بگریت، ڕەخنە لە بەڕێوەبەری کانالی تەلەفزیۆن بگریت..

وەفا کیلانی: ئێستا ڕەخنەیان لێ دەگیرێت و ئێستاکە کەس نییە لە بان ڕەخنەوە بێت، بەس بەردەوام خوا لە ڕەخنەگەورەترە، ئەمە هەمووان پێی ئاشنان..



نەوال سەعداوی: بەڵام، خوا چی دەگەیەنێت. لەوانەیە تێگەیشتنی من بۆ خۆا باشتر بێت لە ملیۆنان کەس.
وەفا کیلانی: تێگەیشتنی تۆ بۆ خوا چییە؟

نەوال سەعداوی: دادپەروەری.. خۆا دادپەروەریە، جوانییە خۆشەویستییە، ئازادی و داهێنانە. بەڵام خوا دەقێك نییە لە قورئاندا، کە بە ژن دەڵێت، خۆت داپۆشە. هەروا خوا دەقێك نییە، بڵێت برۆ حەج بکە، بەڵام پارەکەت بۆ منداڵەکانت خەرج مەکە. تۆ دەزانیت هەژار هەیە، پارەی تیکتی حەجەکەیان دەدەن، بەڵام پارەی خەرجی فێربوونی منداڵەکانیان نادەن. ئەمە ئایینە ئەمە ئیسلامە..

وەفا کیلانی: نەخێر، بێگومان. بەڵام پرسی خۆداپۆشین، ڕێگەم بدە، لە قورئاندا هاتووە "ئێمە ئەم پرسەمان دابەزاند و هەر ئێمە پارێزەری دەکەین - انا نحن نزلنا الذكر وان نحن له لحافضين"، ئێمە وەکو موسوڵمانان بڕوامان وایە، کە قورئان چۆن دابەزیوە، هەر وەکو ئێستا وایە، کە دەخوێنینەوە.

نەوال سەعداوی: نا، هەرکەس بە ئارەزووی خۆی دەیخوێنێتەوە..

وەفا کیلانی: هەرکەس بە ئارەزووی خۆی ڕاڤەی بۆ دەکات.

نەوال سەعداوی: هەرکەس بە ئارەزووی خۆی دەیخوێنێتەوە و بە ئارەزووی خۆی ڕاڤەی دەکات. ئایەتێك نییە یەك ڕاڤەی هەبێت. فرەژنی، وڵاتی ئیسلامی وا هەیە، فرەژنی قەدەخە کردوە. پرسی خۆداپۆشین، قوتابخانە هەیە، (حیجاب) قەدەخە دەکات...